# چیایەکانی من

## هەندرێن

**2012 سوێد**




پێشکەشە بە: هەندرێن

نووسەر: هەندرێن

ناوی کتێب: چیایەکانی من

نووسەر: هەندرێن

بابەت: کۆشیعر

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: شێروان خدر و ئازەر عوسمان

تابلۆی بەرگ: هەندرێن

چاپی یەکەم: 2012

چاپخانە: باسە

ژمارەی سپاردن لە کوردستان: ١٦٠١، ٢٠١٢

ژمارەی سپاردنی لە سوێد، ISBN: 978-91-977419-8-9

تیراژ: 500

**لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی کۆنسێپت**

**"من غەریبی ماڵەوە دەکەم**

**لە خودی خەودا غەریبی من ناسراوە**

**من غەریبی ماڵەوە دەکەم.**

**من غەریبی ئەو شوێنە دەکەم کە پێیدا دەڕۆیشتم**

**لێ نەک مرۆڤەکان!**

**من غەریبی ئەو زەوییە دەکەم، غەریبی ئەو بەردانە دەکەم،**

**کە لەوێدا منی منداڵ گەمەی دەکرد."**

Verner Von Heidenstan شاعیری سوێدیی،

لە شیعری: هزرەکانی تەنیایی- ( Ensamhets tankar)

چیایەکان جەنگی منن. چیایەک هەمیشە خەون بە خەونەکانییەوە دەبینێ. چیایەک خەون دەبینێ یان غەریبیم دەکا؟ لە تکانەوەی یاددا، لە تلانەوەی دڵدا بە دوای شوێنکاتەوە دەکولێتەوە. لەوێ، لەسەر لووتکە و بناری چیایەکانەوە شوێنپێکان وەک دڵی با باڵدەگرن. خۆم دەبینم وەک جالجالۆکەکان بە بنمیچی ئەشکەوتەکەی سەر سنگی "چیای شیرین"ەوە بەرەو چاوەکانی زەوی

شۆردەبمەوە. مێرووله و دووپشکەکان به دەورمەوە بەناو تیشکی کەڤرەکاندا دێن و دەچن. مارمیلکەکان له مێژوو برسیتر زاریان دەکەنەوە. هەموویان له من دەچن، منم له هەموویان دەچم. ئەوە منم که به دەم منداڵییەوە به دیار هەنارە کەلەکەکراوەکانی دوکانێکی بەر گەرماوە راوەستاوم و به تامه مزرەکانیانەوە هەراشدەبم. ئەوە منم له خەونێکی قورسدا سەفەری مەفرەزەیەکی ئاڵاو بە بناری چیایەکی ژێر کازیوەیەکی زامدار دەگێرمەوە که ناوەکەیم بەیاد نایێتەوە. گوڵه هێرۆیەکانی سەر بەرگی بالیفەکەم به هەناسەی خەونەکەم ئارەقرێژ دەبێت که خوشکێکم دووریی منی پێ چنیوەتەوە.

شەوی شپرزەی ناو ژوورەکەم به ناڵه و ورێنەکانمەوە بێدار دەبێتەوە، ئەو شەڕەش که تا دێ گەمارۆم دەدات. زایەڵەکان بێ وشه بەناو دەنگمەوە پەنگدەدەنەوە و وشەکانیش له زارمەوە وەک رەوە ئەسپێک دەحیلێنن، به شەوقی سمکۆڵەکانیانەوە تەوقەکان دەبەزێنێن.

بەفرەکەی ئەمدیو پەنجەرەکەی ژوورەکەم هێشتا بەسەر سپێدەی ئەم یەک شەممە له خەوماوەدا کەڵەکە دەبێت: من لێرەم، لەگەڵ چیایەکاندا، له رۆژگارێکی کەڕووگردا سێبووریی یەکتر دەدەینەوە.

گەرەکمە ئەو چیایانەی که نەمتوانی له دڵمدا ئازادیان بکەم، وێنەکانیان له وشەدا بکێشمەوە. وەلێ دووبارە تەنێ دەتوانم ناوی چیایەکان بڵێمەوە.

چیایەک له خەفەت، شوێنێک له حوزنی روح. ئەوەتا لێرە بەفر بەسەر چیای یادەوەریی شەوقدەداتەوە و خامۆشدەبێ. بەفر هەروا دادەکا و دەچێتەوە، ئای که ئێستا بەفری زستانی 1982ی قەندیلم به یاد دێتەوە. بەفر دادەکا و یادەوەریی ناچێتەوە. بەفر دەتوێتەوە و یادەوەریی دەفراژێ. بەفر دەفڕێ و یادەوەریی دەمکرۆژێ. ئێستا ئەو چاوتروکانەیە که وەک گالیسکەیەکی تیژڕۆ بەناو مندا سەرهەڵدەگرێ. ئێستا له هیکڕا دیسانەوە یەک شەممەی دابڕاو له کاتدا گەڕایەوە. یەک شەممە رۆژێکه له ئاوابوون، رۆژێکی دۆراو پڕ له زەنگەسۆرەی بێماڵ. وای که رقم له یەک شەممەیە. یەک شەممە دوا ئاوردانەوەی کاته له من.

من له دڵەخورپەیەکی تەواوەدا خۆم دادەگیرسێنم و خامۆشدەکەمەوە. خامۆشدەبمەوە و دیسانەوە خۆم دادەگیرسێنمەوە. ئەوها تەنێ خۆم بەرزفت دەکەم. من ئەوهام، چونکه له چیایه تەنیاکان و شەڕی خۆشەویستیرا رەگئاژۆم. منێک که له ژانەوە هاتووم تاکوو بژیم.

ئەوەتا من سۆراغی ئازادییەک دەکەم، کە رووبارێکی ئەبەدییە.

دەخوازم گەمەی کاتی ئێستا بەرزەفت بکەم. ئەوەتا ئەم ئێستایە لێم دوور دەکەوێتەوە، ئەوها لە ئێستادا رادەمێنم. ئەم ئێستایە وەک ئاوێکی راڕا لەناو دەستەکانمدا هەڵدێ. من لەناو ئەم ئێستایەدا ئامادەم و ئەم ئێستایەش لە مندا ئامادە نییە. دەزانم کات تەنێ لە ئەڤیندا ئامادە نییە؛ ئەڤین چاوتروکانێکە لە بێکاتیی. تەنێ لە ئەڤینداریدا نیگای کات وەک کەسێک بە تەنیشتمدا رادەبووری و نامناسێتەوە. هەبوون تەنێ لە چاوتروکانەکانی شادییدا شەوق دەداتەوە. بۆیە دەمەوێ ئەم خودە بەرزەفت بکەم. بە دەم بەرزەفتکردنی خودەوە وەک باڵندە کۆچەرییەکانی بن ئاسمانێکی خافڵاو خۆم دەخوێنمەوە. سترانێک دەچڕم تەنێ بە هی خۆم بچێ. ئاخۆ شەڕی من ئەو چاوتروکانەیە کە بەرزەفت ناکرێ؟ ئەوەتا لە نێوان چاوتروکانە لە دەستچووەکاندا خۆم دابەشدەکەم. چاوتروکانەکان وەک ناخی خۆم پچڕا و و پەرتەوازەن. من دەخوازم کۆتایی بەم بوونە بهێنم کە بە دەم رەوتی کات و وەرزی هەنارەکانەوە هەراش بوو. دەزانم شوێنی من تەنێ لەناو کاتدا هەیە.

من دەنووسم تا هەست بە ناخی خود بکەم. ئەوەتا لەگەڵ لە دایکبوونی وشەکانەوە هەست بە تامێک دەکەم؛ تامێک لە خاوی تۆوە لە وشەکاندا دەچۆڕێتەوە. بە جەستەی وشەکان، بە جەستەی خود چاوتروکانێک دەکێشمەوە کە نایبینمەوە. ئەوها جەستەی وشەکان، تامی هەبوونی خود نمایشدەکەم. وشەکان چاوەکانی منن. وشە ئەو چاوتروکانە دەهۆنێتەوە کە لە بیرم ناچێتەوە. دەزانم ئەو هەموو رابردووە لە چاوتروکانە تامدارانەم بۆ نانووسرێنەوە. من تەنێ وشەکانم هەیە کە دەزانم تامی چاوتروکانەکانی جەستەی خۆم بە یاد دێننەوە. ئەوەتا وشەکان بە گۆ دێنم تا مانایەک لە زمانی چاوتروکانەکانی تۆم بۆ زیندوو بکەنەوە.

وەرە بەدەم بارانێکەوە، وەرە لە ژێر رێژنەبارانێکی هەوەسداردا حەرفە داکردووەکانم بخۆوە. لەسەر گیایەکی کەسکتر لە روحت دەنگت بەناو دەنگمدا دەچۆڕێتەوە. ئەو حەرفە داکردووانەی بە سەرتەوە دادەکەن نە منی رابردووە و نە ئاییندەیەکی نادیار: پەرتییەکانم لە ئێستادا کۆبکەمەوە؟ سێبەری ئەو زمانەی من: جەستەیەک لە تامی تۆیە، بارانی ئەو چاتروکانە رابردووانەیە، بارانێک لە تامی تۆیە، جەستەی ئەو زمانە لە ئێستایە بازنەییە.

دەزانم ئەم زمانە بازنەییە لە دڵێکە کە دەنگی نییە. ئەڤینی من لە نێو ئەم دێرانەدایە کە تەنێ شەوقدانەوەیە. بە دڵێکی غەوارە و جەستەیەکی تەڕەوە

چاوتروکانـــەکانی تـــۆ و فەرامۆشـــکردنی بـــوون دەنووســـمەوە. چرپـــەکان وەک چاوتروکانـەکانی تـۆ ئێسـتای منیـان گـەمارۆداوە. ئێسـتا بـۆنی رووتـی جەسـتەت دەنووسمەوە: چەند تەڕن وشەکانم!

جەستەی من بانگی تۆ دەکا: ئەی بۆنێک لە کەڤری تـەڕ؛ ئـەی تـامی کانییەکـەی ناو کۆشی چیای "کافیێ"!

تۆ ئێستا لە نێوان لێوەکان، لەناو وشەکانمدا دەبییە تامێکی تەڕ، دەبییە گیایەک لـە بـۆنی چیایـەکی ئـاوارە. مـن یـادی تـۆ نانووسـمەوە، خـەریکم لـە دەسـتچوونی ئەبـەدیت فەرامۆشـدەکەم. ئـەوها دەمـەوێ وەک وشـە لـە دەنگمـەوە بزنێیتـەوە و بزرنگێیتەوە. حەز دەکـەم وەک هـەنارێک لـە بنـاری چیایـەک بدرەوشـێتەوە. ئێسـتا دەڵێـــی هـــەنارێکی لـــەناو یادەوەرییمـــدا پێدەگـــەیت. دەمـــەوێ لـــەناو باوەشـــی چاوتروکانت بەربیمەوە، وەک ئەوەی لەناو شانەی ژیاندا بکەومە خوارەوە.

چاوتروکانـت تۆوێـک بـوو لـە ژیـان. وەک چـۆن خـودا بـە چاوێـک سـەیری چاکـە و خراپەکانـدەکا، ئـەوها بـە چاوتروکانێـک لـە سروشـتی چیـا لـە جیهانـدا دەڕوانـم. چاوتروکانەکان هەڵمدەگرن. هەستدەکەم لێرە داپراوم. ئـەرێ لێـرەم؟ دەمبیـنن کـە ئێرە نابینم؟ زەردەپەڕێک لە ناخمدا هەڵدێ. شـەماڵێک هەڵـدەکا و بـاڵی وشـەکانم بەناو لاپەڕەکانەوە وێڵدەکا.

لە بیرهاتنەوەی تۆیە زریکـەی ئـەم زمانـە لـە مـاڵ تـرازاوە. ئـەوەتا بـۆت دەنووسـم، کەچی تۆ هی کەسێکی تری. چاوتروکانـەکانت هـی مـنن، ئـەوە  بـە رەنگێـک لـە مۆریی، چاوتروکانەکانت دەکێشمەوە. وشـەکان کۆدەکەمەوە، زمـان چرمدەکاتـەوە، بانگی زمـان دەکـەم هـەروەک خـودی خـۆم قووڵبکەمـەوە تـا دەبمـە سـێبەرێک لـە چیـای وشـە. چـۆن خـۆم بـۆ ئـەو تەنیاییـە بێـدارە جێبهـێڵم کـە بـوو بـە سـێبەری ناوەکییم؟ خۆم کۆدەکەمەوە و گوێ لـە بێـدەنگی خـۆم دەگـرم. ئـەوها گشـت ئـەو چاوتروکانانە دەچنمەوە کە خەریکە وەک خۆت لە دەست دەچن.

لە جەنگی چیایەکان زیاتر هیچی ترم نییە بۆ زمان تا سـێبووری بداتـەوە. چیایـەکان وەک خۆیـان، چیایـەکان وەک هەقیقـەت ئەبـەدیین. چیایـەکان قـەدەریی مـنن. چیایەک غـەریبیم دەکـا یـان چیایـەک غـەریبی یادەوەریی خـۆی دەکـا؟ غـەریبیت جێنشـینە لەمـدیوی کـات، غـەریبیت کۆتـایی نـایێ. سـەرلەنوێ بـە رەنگـەکانی وشـەوە چیایەکان بچنەوە، ئەی غەریبی من!

ئـەوەتا گوڵئەسـتێرەی نیگاکانـت بـەناو تـەنیایی منـەوە بەڵـەفڕێ دەکـەن و خـاو دەبنـەوە. منـیش بـە دەم باڵـەفڕێ و خـاو بوونەوەکانتـەوە یـادەوەرییم فەرامۆشـی

دەتنێتـەوە. لـە خـودی خـۆم رادەمێـنم و لـە رۆچوونتـدا خـۆم دەدۆزمـەوە. کاتێـک وشـەکان چاوتروکانـەکانمان دەنووســەوە، لاپـەڕەکان دەبـن بـە خۆڵەمێشـی گوڵئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوە تا لە یادت بکـەم. دەشـزانم تـۆ لـە یاد بکەم، لە چاوتروکانەکانت رزگارم نابێ. من لە ژانەوە هـاتووم و حـەزم لـە شـەوقی شادییە.

هـەر ئێسـتا، لـەم چاوتروکانـەدا بـە خورپـەی بیرهاتنەوەیـەکی بەرهەڵـدراوەوە دەرگیرم. بەفرەکەش هەر دەڵێی دەخوازێ وەرزەکان بکاتـە سـپییەکی ئەبـەدیی و چۆلەکەیەک لە نێوان دوو نیگای ئێوارە و داڵغەی هەمیشەی باڵکۆنی جیرانەکەمـدا باڵەفڕێ دەکا، لە هیکڕا بـۆنی چـای چایـەپەسـتێکی رەشـی سـەر کۆلکـەدارێکی دووکەڵاوی لە مەتبەخەکەی "بارەگای کافێ"وە ژیان دەوروژێنێ و من بـۆنگر دەکـا. لـە زاری ئـەم وشـانەوە بـۆنی چایـەک ئـەم چاوتروکانـە بـەفرگرەی ئێـرە گەرمدەکاتەوە. من لێرەم بە دیار چاوتروکانی چایەکی ئەبەدییەوە وەستاوم.

دەنگدانەوەی چیایەکە، جەنگی من. هەروەک لە دڵـی چیایەکـدا دەرکـەوتبم، وەک داربەڕووەکی رەگئاژۆ بەناو سنگی ئەشکەوتێکەوە، ئـەوها دەتکێشـمەوە. دەخـوازم وشـەکان بە ناختەوە رەنگڕێژ بکەم، وەک چۆن بەناو ژنێتیتەوە رۆبچم. لـەناو تۆدایـە لـە دایکبـوون. یادەوەرییـەکی پـەنگخواردوو لـە رابـردوو ئێسـتایەک گـەمارۆ دەدات. دەسـت بۆ چیایەکان درێژ دەکەم، ئاسمان ئاوەدان دەبێتـەوە. مـانگێکی مارانگـاز بـە زەریا مەوداکان شـەپۆلگر دەکـا. وەک درەختێـک گـەڵاکانم بـە وەرز دەبەخشـمەوە و لە چاوی زەریاچەیەکی تەمگرتوودا دەروانم. خوناوێک لـە بیرهاتنـەوە دامدەپۆشـێ. زایاڵەی وشـەکان لە دەنگمەوە شـەپۆڵدەدەن. ئـەوەتا لـە نێـوان ماسـییە سـڕەکاندا رێدەکەم و دڵیشم وەک شـەپۆڵە گەمارۆدراوەکانی ژێر شـەختەکە گیانەلایـەتی. بـە ترسـێک لـە نـەمان بـە ئاگـا دێمـەوە. خەونەکـە وەک بـەفرێک لـە رووخسـارمدا دەتـەکێنم و قەڵەمەکـەم لـە بێدەنگییـە فەرامۆشـەکەیدا بێـدار دەکەمـەوە. بـە زرینگانـەوەی پەیڤـەکان جیهـان بـە دەم بیرچوونـەوە دەلاوێنمـەوە. هەسـتدەکەم هەموو رابردوو بەرەو من لە کۆچدایە. لە نێـوان مـن و خۆشـمدا بێئۆقرەیی ئـۆقرە ناگرێ. هەندێ جار خـۆم دەنگـدەدەم: تـۆ چیتـر خـۆت نیـت. تـۆ لێرەیـت ئـەی مـن! کۆچەکان دوورن و منیش لە خۆمدا کۆچدەکەم. کۆچەدەکەین یـان بژینـەوە؟ ئـەوها بـەم رسـتە و واتـا خورپەگرتووانـەوە ئـەم خـودە بێماڵـە دەنووسـمەوە کـە لـە نێـوان حـەرف و پەیڤەکانـدا دەژنـێ. ئـەوەتا بێدەنگییـەک لـەم خـودە لـە نێـوان مـەودای واتاکانـدا دەژێ. نووسـین هەمیشـە دۆزینـەوەی بوونێکـە. وشـەکان رادەسـێن، واتایەکان بە رامانم دەکەن. وشەکان لە جەنگی خۆیانـدان. کـە وشـەکان لـە نێوان

خۆیاندا هەڵشاخان، زمان ئاوەدانییەکی لە خۆیدا راگەیاندووە. کە زمان بێ-وشە بوو، وێدەچێ خامۆشی گەرەک بێ یان خۆی دابێت بە دەستی بێدەنگییەوە.

ئەوەتا هەروا دەنووسم، تا زمان لەم جەنگی نێوان بێدەنگیی و کۆچەکەیدا رشتر بکەم. دەزانم چیتر تۆ لە ژیاندا نابینمەوە، ئەوها دەتکەم بە جەنگی شیعرێکی نەسرەوتوو. تۆ چاوتروکان بوویت و منیش ناوت دەنێم چاوتروکان، تا دەبم بە بوونێک لە خۆم، بێماڵییەک لە بووندا. مەوداکانی نێوانمان دەبن بە چیای نووسین. لەمدیو پەنجەرەوە هێشتا سپێدەی تاراوگەیەکی خەوزڕاو لە خەونی چیایەک دەڕوانێ:

لە ماڵێک دەڕوانم کە لە خۆم بشارێتەوە. ماڵێک من بدۆزێتەوە.

لەو دیمەنەدا رووخسارێک ئاوێنە دەبێتەوە. لەوێ: لەرینەوەیەک. لەو رووخسارەدا چیایەکانی تۆ دەبینم. لە چیایەکانی تۆدا، من هەم. ماڵەکان وێران دەکرێن، جەستەی بێماڵی رووتدەبێتەوە. ئامادەبیت لە دەست دەچێ، کۆتایی نایێ سۆراغت. سۆراغی چاوتروکانێک دەکەم کە هی تۆیە. کەسێک گازم دەکا. زمان رادەچڵەکێ، بوون دەلەرێتەوە. بانگت دەکەم: بەرەو ماڵی چیایەک بگەڕێوە. کات لە دابڕان و لە نائامادەیی بووندا، هەڵەتە دەبێت. ئەوەتا دیسانەوە لە چاوی یادەوەرییمدا هەڵدێی. لە کەسێک دەگەڕێم لە تۆدایە، لە خۆمدا دەگەڕام لە تۆ دایە، لە تۆیەک دەگەڕێم بە دەر لە تۆ لە کەسی دیکەدا نییە. من لە رووناکی رووخساتدا دەژیم. دەنگی تۆ زایەڵەیەکە لە مندا. دەبێ لەوێ، لە رووخسارتدا ئامادە بم.

بەفر لەم شارەدا بێماڵ ماوەتەوە. بەفر دادەکا و تۆش بیرهاتنەوە پەرتەکانت دەچنیتەوە. باڵکۆنی ماڵەکەم پڕ دەبێ لە بەفر و بیرهاتنەوە. ئەو پشیلە هەمیشە راماوەی ئەوبەری ژوورەکەم بە خەوزڕانی من ئاشنایە. کات لە هەردووکمان بێهوودەتر بە گەڕانەوەی راناگا.

من هەندێ جار، دوور لە کات، بە هێورییەکی مەستانە و تەمی فەرامۆشییەوە خۆم لە یاد دەکەم. لەودەمە ژنێکیش منداڵانە لە رووخساری راماوم دەڕوانێ. مانگیش بە دەم گەڕانەوەی مەوداکانەوە بە لاوکێک شەکەتی کۆچەکەی دەلاوێنێتەوە.

یادەوەرییت بە چاوی گوڵناری چیایەکەوە رادەمێنێ، لە ئاسمان نزیک دەبمەوە. چی دەبێ ئەگەر لووتکەکان مەمکی ئاسمان بن؟ جیهان لە چیایەکانەوە دەست پێدەکا، دڵی ئاسمان لە سنگی چیایەکانەوە دەژنێ. ئەودەم من لەوێم، لە

چـەقی دونیـادا وەسـتاوم. لـە زماندایـە یادەوەرییـت، بوونێکـت جیرانـی چیایـە و ئامادەییشت لە ماڵێکی تەنیاییدا. کات گەڕانەوەی هەبووایـە، غـەریبیکردن گـەرەک نـەبوو. تـۆ توایتـەوە، تـۆ لـە لووتکـەیەکـدا بـەناو ئاسـماندا ئاوابوویـت. لـەوێ چاوتروکانەکانت لەناو چاوی چیمەنی چیایـەکی چرپـەداردا دەچرپێنـێ، لـە کانگـای جیهانـدا دەبریسـکێیتەوە. کـە چیایـەک هـەبێ و تـۆش لـە کانییـەکی یـادەوەریی بچیـت، جـەنگی یـادەوەریی هەرێمـەکانی روحـت ئـاوەدانترە. تـۆ ئـەوهایت لـە خۆکۆکردنەوەدا.

یـادەوەریی جـەنگی منـە. غـەریبیکردنت بـەناوم وەردەبێـت. کـە هاتیتـە ناومـەوە، بروسکە و ڤێنکی و تامێکی چیاییت چانـدەوە. کـە ئـەوینت لـە دەسـت چـوو، بـەناو چیای یادەوەریی دادەکەم. نائامادەیی بوونـت دەتەنمـەوە. تـۆ لـەوێی، چونکـە مـن لێـرەم. بوونمـان لـە سـەفەرێکی مەحاڵدایـە. جەسـتەم لـە ئەڤینـدا دادەبـڕێ. تـۆ دادەڕمێی، کـەچی ئـەڤینت هەمیشـە غەریبیکردنـە. ئـەوەتا تـۆ چاوتروکـانێکی کـە کـات و کۆتاییـت نییـە. دەمویسـت هـەموو جەنگـەکان هـی مـن بـووان، تـاکوو تـۆ ئەڤینیکی ویستدار بیت...

چیایەکان دوور کەوتنەوە. وشـەکان چـی دەکێشـنەوە؟ زمـان رمێکـی شـەبەنگییە، تەنیایی لە یێدەنگییدا دەلەرێتەوە. ئەم ماڵە بـێ بـوونی شـەبەنگێک لـە شـوێنپێ، ئاوەدانی تۆ ناناسێتەوە. مانـای تـۆ شـەبەنگی بیرهاتنەوەیـە. مانایـەکی یێمـاڵ لـە خۆم، تۆ دەهۆنێتەوە. یێماڵییش وەک مەرگ ئازادییە.

گوڵئەستێرەکان لەگەڵ چیایەکانەوە کوژانـەوە و رووناکیش لەبـەر تیشـکی گلـۆپی ژوورێکی پەنگخواردوو لە هەناسەی یادەوەریی مندا، ئاهـەنگی بـووکێنی دەگێـڕێ. لێرەم و لەبەردەم پەنجەرەیەکدا سـەیری بـارانێکی دۆشـداماو دەکـەم کـە لـە دڵـی ژنێکەوە دەبارێ. تەمێک لە چاوی ئەو چیایەدا شـەپۆڵدەدا.

ئەی تۆی درەوشاوە لە فەرامۆشـی، ئێستا تۆ بێوشـە ئەو پەرێشـانییەم بـۆ بگێـڕەوە کە بەناو هەڵـەتی هەرێمـەکانی روحمـەوە شـەپۆڵدەدا. تـۆش، هـەردەڵێی خـودی سێبووریی، دەبا روانینـەکانت لـەناو خۆیـدا هەمیشـە ئامـادە بـن. جـارێکی تـریش، دەسـت بە رووەمەتی ئەو هەنارە دایێنـەوە کـە سـەیرتدەکا. سـترانێک بـۆ ئـەو ژیانـە یێـدەنگ و ئـەو زەوییـە بچـڕە کـە ئاسـمان وەک لەشـێکی شـەکەت بەسـەرییەوە چەماوەتەوە. ئەوها هەستدەکەم کە تامی دڵت بەناو گیانمەوە پەرتدەبێ. تۆ ئـەی ئەو ژنەی کە هەناسـەکانی دۆسـتایەتیی لـە تەمەنمـدا جێهێشـت و لـە نامۆییمـدا هەڵاتی، دەڵێی چرپەی سێبەرێکی بەناو یادەوەرییمەوە کشـاوی. ئـەوەتا چیایـەک

لە چاوەڕوانی چیایەکاندا، چاوەکانی کەمبین بوون. لەوێ، مرۆڤەکان وەک مێش گەشەدەکەن.

ئەمڕۆ بارانێک باری، کەچی هێشتا بەفر لە دەستەکانی زەوییدا نەچۆتەوە. ئەوەتا لەناو سپێدەیەکی زوو و تاراوگەیەکی درەنگەوە دەڕۆم، مرۆڤەکانیش وەک سێبەر گنگڵدەدەن. لەوێ خۆڵباران چاوی چیایەکان کەمبینا دەکەن. لێرەش هەتاو لە ژێر تەمێکی گراندا دەناڵێنێ و گلۆپەکانیش هەناسە دەدەن، کەچی هەنیەی ئەم بۆشاییە راکردووە هێور نابێتەوە.

لەم چرکەساتەدا لە دڵی غەریبیکردنێکی نادیاردا دەملاوێنییەوە. رامانی ئەستێرەکانی یادەوەرییش رووخساری تاراوگە رۆشنتر دەکەنەوە. ئێستای من، کانییەکە بە چرپەوە بەناو دۆڵێکدا دەڕژێ، کە رەنگە تەنیا تۆ بەوێدا رابووڕێی. دەمەوێ ئەم ئێستایە بنووسمەوە، تا کات بینراوتر وشوینەکان ناودێر بکا. لە جیاتی ئەوەی سەیری کات بکەم، بە نووسینەوە رایدەگرم. ئەها ئەمڕۆ دیسانەوە رۆژەکە پیر دەبێت؛ بێویستی من یەک شەممە هاتەوە. یەک شەممە رۆژێکە لە تێهەڵچوونەوەی رۆژەکان. یەک شەممە رۆژێکە لە باران بارینێکی هەڵگەڕاوە، بێدار، هەورێکی مردوو یان تێپەڕینێک بە چۆلەوانی. لە یەک شەممەدا چۆلەکەکانی سەر درەختەکانی پشت ماڵ ناخوێنن و باخچەکەش سێبووری بە گوڵە بێگوڵدانەکانی من نابێتەوە. بێ ئاوێنەیی یەک شەممە لە چی دایە؟

من کە ئەوها لە یەک شەممە پەستم، نازانم بێمروەتییەکانی لە کوێوە هاتوون.

زایەڵەی چیایەکان لە ناومدا پەنگدەداتەوە. ئەوەتا لە دڵەخورپەیەکی بنیراودا بە رووی جیهانەوە وەستاوم و لێرەش چەند هەنگاوێک دوور لە من، دوو مامز ئەو جیهانە جەنگەڵەم لە یاد دەبەنەوە. گوڵەکانی من دەگەشێنەوە، وەک من، تەنگی گوڵدان فەراموشدەکەن. ئێوارەی یەک شەممە لەسەر هەنیەم کاڵدەبێتەوە. بە نیگایەکی هێمایی بە چۆلەکەی ناو هێلانەی بالکۆنەکەم دەلێم: هێورتر پروانە. پێی دەلێم، قەدەرمان وەک یەکە، میوان بە، وەک ئەوەی سەفەرەکانتم بۆ بچریکێنی، هێلانەکەت بهۆنەوە. ها ئەوە بە چاوی چیایەکان مەترسی مرۆڤ و سامی ئاسمانت بۆ چاوترسێن دەکەم.

دەبینی رەنگی یەک شەممە هێشتا بەسەر ئێوارەی بە ماشێن شپرزەکراو دەچۆڕێتەوە؟ هەنارەکانی سەر مێز و نامەی ناو چوارچێوەکانیش، رەنگی یەک شەممەیان گرتووە. بە زمانێک لە بێماڵییەوە سەرنجی ئەو مرۆڤانە دەکێشم کە

لەگەڵ خۆیاندا تەنیایی دەبەنەوە بۆ ماڵەکانیانەوە. ئەو دەمە چۆلەکەکان لەمدیوی پەنجەرەدا بەناو تەنیایی یەک شەممەوە دەچریکێنن. بوولێڵیش وەک چاوی ژنێکی هاوزمانی من بە دەمڕێوە فرمێسکەکانی دەشارێتەوە. یەک شەممەش هێشتا بە دڵمەوە دەچۆڕێتەوە.

ئەی تۆ، ئومێدێکی تەڕت گەرەکە لە من، تاکوو ئەو ئومێدەت هەبێ، با دڵت کانییەک لە بەرهەڵستکاریی لێ پڕژێ. کاتێ کانییەکم بیر دێتەوە، بە زمانێکی فێنک بانگی بوون دەکەیت. هەستدەکەم هەرێمەکانی ناوەوەم نەپریوە. دەڵێ وەک هەرێمێک لە هەرا، لە بوون دای؟ لە دەرەوەی ئەو هەرێمەدا، بێماڵییەک پەڵدەهاوێژێ. بێباک بەناو ئەو بێماڵییە بدرەوشێوە. من پڕم لە توولەڕێی شوێنپێ و هێشتاش دەستم بە گەشتە نوێیەکانم نەکردووە. لە پێشڕا هەست بە کۆستێک دەکەم. هەست بێ نیگەرانی خۆم دەکەم. بێدەنگی بوونێک کە لە مندا مەیلڕێژە.

من لە سەرەتا بەدەرم و داهاتووش بە "سەفەرێکی مەحاڵ" تاقیدەکەمەوە. مەحاڵیت مسۆگەرییەکە، لەو منە. ئەوکاتە جەنگەکان دەستییان پێکرد، کە چیایەک عەشقت بوو. ئەو چیایەش چیایەکانی لە دەست چوو. پەیڤەکان بنیراوت دەکەن. کە پەیڤیت، بە دیار دەکەویت. تۆش لە هەر کوێیەک بیت، منیش وەک پەیڤێک دەتبینم.

تۆ لەم شیعرەدا چیایەکیی و بۆشایی ئاسمان ئاوەدان دەکەیتەوە. لووتکەیەکی نەدۆڕاویی و دەست بە ژنێتی مانگدا دادەهێنی. لە ژێر تریفەی پڕاوی نێوان دارگوێزێکدا، مەمکانت بۆ چیایەک رووتدەکەیتەوە. چیایەک لە ناو تریفەی ژنێتی تۆ دایە، ژنێک لەسەر سنگی چیایەکدا چاوەکانی دەڕازێنێتەوە. هەقیقەت هەر دەدرەوشێتەوە، تۆش ئەی چیا، کە تاراوگە ئاوری دایەوە، پرازێ؟

مەیلی پەیڤەکان بۆ خۆیان جێدەهێڵم و چێژ لە هەست پێکردنت دەچێژم. مەیلی تۆ، وێنەیەکە لە تەنینەوەی بێماڵیی. تا ژیان دیل بکەم، دەبێ فەرامۆشت بکەم. وەک چۆلەکە بە غەریزەوە هەڵدەفڕم. سەفەری من، هەڵفڕینیم بێ گەڕانەوەیە. ئاخۆ ژیان رێگرتنە لە مەرگ؟ ئەی ژیان، کە هێشتا مەرگ ژوورێکی بۆ من نییە، وەک میوانێکی بێمەرج رامبگرە. دەمەوێ دەمارە بێژیانەکانی ژیان بگرم، تا ئەو جەنگەی لەگەڵ مەرگدا کۆتایی بێت. دەبا ئەو زەریا لە ئیرۆتیکە پەنهانە لە ژیاندا بتەقێتەوە. ئەوکاتە پەیڤەکان بە خۆیان دەدرەوشێنەوە.

ئێستا لەگەڵ گوێگرتن لە "مەزهەر"ەوە، ئەو جەنگە دەنووسمەوە، بەردێکی گیاگرتوو، بێدەنگی لە نیگاکانییەوە غلۆر دەبێتەوە.

گوێ لە مـوزیکێکی دڵگیـر دەگـرم، تـەنیا تـۆ دەزانـی چ شـوێنێک لـە ئاوەزەکانیـەوە دەزرینگێتـەوە. چاوتروکانێـک لـە فەرامۆشـی، ئاوازێـک لـە فەرامۆشـی کـات خـاو دەکاتەوە. بە دەم ئەو ئاوازەوە بەرەو رۆخی ژیانێک سەفەر دەکەم. چۆن ئـەو ژیانـە ناودێر بکـەم؟ ژیانێـک بەسـەر تەرمەکانـەوە وەسـتاوە و چیایـەکیش لـە دۆڵەکانـەوە ئـازار دەلاوێنێتـەوە. سـامێک لـە دەمارەکانمـەوە دەچۆڕێتـەوە. بـەر لـەوەی بـبم بـە شەپۆڵێک لە سام، لە خۆم جیاببـەوە. وەلـێ هێـوریی دەمێکـە لـە منـدا هـەڵاتووە. چۆن لـەو سـامی سـووتان و سـەنگەرە سـەنگینانەی یادەوەرییدا ئـازاد بـم؟ خـۆم دەدەم بـە دەسـتی بێباکییـەوە. کـەچی لەمـدیوی یادەوەرییـەوە بـانگێکی نادیـار رامدەچڵەکێنی، ئەوە دەنگدانەوەی خۆمە؟

هەروەک لە نـاخی چیایەکدا دەرکـەوم، سـێبەری درەختێـک بەسـەر هەنییەمـەوە پەلدەهاوێژێ. ئەوها خۆم بۆ چیا دەنووسمەوە. وێدەچێ بێ ئەوەی بشزانم، بـەناو تۆوە رابکەم؟ ژیان لـەناو تـۆدا شـەڕێکی بێکۆتاییـە. لێـت هەڵدەگەڕێمـەوە: ئەوکاتـە خۆم دەدەمە دەستی ژیانێک کە بێبەریی بێت لە یادەوەریی من. ئـاخۆم ئـەو دەمـە لە هەراسانی بەدەرم؟ دڵی قەڵەمەکەم دەلاوێنمـەوە. لـەناو خۆمدا رادەمێـنم. لـە دەرەوەش هاوسـەنگی نـاوەوەم رادەگـرم. هەسـتدەکەم مـن خـەون دەبیـنم و دونیاش وەک تشتێکی نەشیاو خەوی لێکـەوتووە. دونیـا لـە خەودایـە، لـێ مـن لـە هەبوونـدام، ژیـان لـە منـدا دەچێتـە پیاسـە. ئـەرێ ئـەوە هـەبوونی مـن چـی دەنووسـێتەوە؟ هـەبوون: چییەتییـەک دەزرینگێتـەوە. مانـگ بەسـەر چیایەکانـەوە دەسـترێ و تـۆش دۆڵـەکان بـۆ نـاو مـن دەگوازیتـەوە. ئاسـمان بـە ئـامێزی چیـاوە ئاوێزانـە، تـۆش بـەناو منـەوە دەچۆڕێیتـەوە. مـن تـۆم لـە یـادە، پـەیڤیت و گەمـەت لەگەڵدا دەکەم. ئەوها لەمدیوی دێرێکی مەیلڕێژدا بێدەنگییت دەوروژێـنم. مـن کـە تـۆ بـە چاوتروکانێـک نـاودێر دەکـەم، چیـت بـۆ بگێرمـەوە؟ ئەوکاتـەی کـە لـە خـۆم دادەپڕێم، هەبوونم لەتۆدا ئامادە دەبێ. بە دوای ئەو رێچکانەوە دەکـەوم کـە لـەوێ رەگەکان لە کەڤرەکانی چیادا رەگئاژۆ دەبن، واتایەکی پەنهانپۆش بە یـادم دێتـەوە. رابردوویەک بەناو ئێستاوە دەزنێ، کات دەچرپێنـێ و دەنگـەکان کۆدەکاتـەوە. تـا لـە خۆم بدوێم، دەبێ ئاماژە و تیپگەلێک بدۆزمـەوە کـە ویسـتی گوتنێـک بنـوێنن. ژیـان هەڵدەوەشێنمەوە و لێدەگەڕێم خۆی ژیانێکی خەوناوی بسـازێنێتەوە. خـۆم دەکـەم بە درەختێک، تا دەبم بە میوەیەکی نەخوێنراوە، ژیانێکی نەبینراو کە ژیان لـە بوونـدا بێ مەرگی نەبێ. دوای ئەمە چی پێشدێ، ئەی من؟

هـەموو ئەزموونـەکانی مـن وەک بـوونێکی بـەڕێوە، پەنهانییـەکانی نادیـاریی دەلەرێنمەوە.

وێدەچێ ئەستەم بێ ڕەنگەکان بۆ وشە بێئاماژەکان. هێورانە بە نێوان ئەو وشانەوە ڕەێدەکەم، کە وشەکان شەڕەنگێز دەبن، ئەوەدەمە ئەستەمە ڕێکردن. دەبینی بەو دێرەوە لێگەڕام لە وێنەی چاوتروکانەکانتدا، دیمەنێک لە ژیان لە دایک بێ؟

ئەوها من لێڵترین جەستەکان بۆ خۆم بە گۆ بێنم و بە وشەکانیشەوە زەنایەکی دڵگیر دادەهێنم. کاتێ وشەکان وێنەیی دەنوێنن، چێژێک لە موچڕک دامدەگیرسێنێ. خۆم مشتوماڵدەکەم، تا ئازادی بیرکردنەوە بەرزەفت بکەم. منێک کە وەک ئازادی تەنیایە. دەکرێ ئازادی لە بەرهەڵدراوی خۆیدا، بێسنوور پراسێ. لێ دەزانم تۆ لە نزیکبوونەوەی خۆت رادەبی. ڕێدەکەم بێ ئەوەی واتایەکم مەبەست بێ: من شانەگەلێکم لە شپرزەیی. دەڕۆم و پرسیاریش لە واتای ڕۆیشتن ناکەم. جار جارەش بەڕێوە بەناو شادییەکی ژیانبەخشەوە دەڕەتێم، تا پەرتیم کۆبکەمەوە. سەرکەوتن بەسەر چیایەکی بەرزەوە، بە یاد چاوەکانم دەهێنمەوە. پێیەکانیشم غەریبی بەردەکانی سەر ڕێچکەی چیایەکان دەکەن.

وەک چۆن نازانم بەڕێوەم، ئەوهاش دەنووسم؛ من بەناو شەبەنگی خۆمەوە دەرگیرم. چاوتروکانەکان بە یادی منەوە دەژین. بیرکردنەوەیەک بە تۆ ڕانەگەیەنم، ماخولیایەک بۆ تۆ دەنووسمەوە کە لە بێدەنگی چیایەکدا پەنهانە. من لە مەزەندەدا دەستپێدەکەم. ئەوها پەیڤەکان ئاهەنگ دەگێرن. من ئاماژەی پەیڤەکان دەنووسمەوە، کەچی دەنگ و بزوانەکانیان لە زایەڵەیەکدا ئاوێنە دەبنەوە.

چیایەکان لە دەنگدانەوەن. لە چیایەکاندا دەنگێکم هەیە. بە دەم بە دەنگهاتن، نووسینەوەی پەیڤەکانەوە دەبم بە ئاماژەیەک لە دەنگ. جیهان دەنگێکی نەبیستراوە، بێدەنگە. هەناسەی پەیڤەکان، ڕێکردنی من؛ دەنگی منن. لە خۆم دەگەڕێم کە بگۆڕێم.

دیسانەوە کەوتومەتە ناو خەونی شەوێکی درەنگەوە. شەو لە بێشوێنی خۆیدا خۆی بە خەونی منەوە فەرامۆشدەکا.

منیش گەشتی کات نەوادار دەکەم. بانگی زمان دەکەم، دەبا ئایندەی مژپۆش هەناسە بدا. لە چاوی ژیاندا خۆم دەکەم بە مەتەڵێک. بە جیهێڵانی خۆمەوە ئاقاری خۆم دەبەزێنم. ئەوها بە تەنیایی خۆمەوە جیهان دەتەنمەوە: بە دوای دەنگی زەوییەوە دەکەوم، لە پڕ دەبم بە دەنگێک. جیهان لەناو چاوی شاشە دیگیتاڵەکانەوە خەریکە بە رووی خۆیەوە ڕادەبێ.

خەمی رووناکیش هەمیشە لێڵییە: لێرەدا ئەوە منم لەبەردەم جیهاندا.

لە دەرەوەی خۆمدا ترسێک هاوئاهەنگم دەکا. مەترسییەک لە روحی ژیاندایە. شەو بەڕێوە بە نیگایەکی نەیارانەوە لێم دەڕوانێ. ئەو شەوە وێدەچێ لەم تاراوگەیە درێژتر بێ؟ ژیان لێوانڕێژ دەکەم لە مەیل. هەستە کێوییەکانم لە خۆم دوور دەکەمەوە. لێ ناخی من هەمیشە پەنهانە. منیك لە فامکردنی خۆی بەدەرە. ئەوکاتەی خۆم بۆ فامکردن رووتدەکەمەوە، ئەو منە هۆگرەم کە دەست دەچێ.

ئاسمان بە رەنگی هەواوە سەرمەستە. ئێمەش لەناو مەتەڵی مەرگێکدا تێداماوین. لە بێ مانابیدا هانەیەک لە دایک دەبێ. لە منەوە بێ بیرکردنەوەیەک ژیانێک لە دایک دەبێ. لێرەوارێک لە پەیڤ هەناسە دەکێشێ. ئەوەی دەیڵێم و ئەزموونی دەکەم دەبن بە منێک کە لە دەرەوەی خۆمدایە. سروشت بەرەو من دەکشێ. باران وەک رازێکی ئیرۆتیکی زیندوو، بەناوما دەبارێ. ئامادەیی چاوتروکانەکانت وەک خۆت ئامادەن، چیایەکانت بۆ دەنووسمەوە. ئەوها تەنیا لە ئێستادا خۆمت بۆ رادەگەیەنم. من لەمڕۆدا دەدوێم، بە بێ ئەمڕۆ چاوتروکانێک ئامادە نییە. من زیندوویەتیم گەرەکە. بە رێگایەکەوە دەڕۆم کە هی خۆمە. مەرگ دەدوێنم، لە ترسی ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا ببمات. مەرگ جیرانی منە. لە خۆدی زیندوویەتی مندا، مەرگ ماڵێکی هەیە. مەرگ لە ماڵێکی ناسکدا دەژی. مەرگ رۆژانە بەناو باغچە گەورەکەیدا پیاسە دەکا و بیر لە تەمەن و ناسکی خۆی دەکاتەوە.

ئەو دەمە لە ژێر هەستێکی پەڕگیردا لە خۆم جیادەبمەوە و شنەبایەکی هاوینیی بەرەو رووخسارم هەڵدەکا. تیشکە بازنەییەکان لە ژێر ئاسماندا لێکدەئاڵێن. ئەم هاوینە لە غەریبی جەنگی چیایەکاندا گەرمترە. بەناو هاویندا رێدەکەم، میوەکان بۆنی گوندەکانی چیایان لێدێ. ئەوها خاکی یاد دەنووسمەوە. تۆ تریفەی ماڵێکی و لەسەر گەڵای درەختەکانی بەر پەنجەرەکەم سەما دەکەی. بمبیستە: من هەبوونت دەنووسمەوە، تۆش لێگەڕێ بوونم بەردەوام بێ. لێ لە سەرەتادا: هێشتا هیچ تشتێک دەستی پێنەکردووە. کە بیر لە سەرەتا و کۆتاییەکدا دەکەمەوە، سەرم وەک بنمیچێک دەزریکێنێ. ئەرێ تشتەکان بۆ دەستپێدەکەن؟ کە تشتێک کۆتایی دێت، چ تشتێکی نوێ دەستپێدەکا؟ تۆ دەزانی ئەو منە چی گەرەکە: تشتێک کە کۆتایی نەبێ. من ئێستا دێڕە رەگئاژۆکان دەخەملێنم و هاودەمیش ئەو پەیڤە تەقیوانە دەهۆنمەوە کە تازە زار دەکەنەوە. ئەوەتا لە ئێستادا ئامادەم. ئەوەی کە سەرەتا و کۆتایی ئەو شپرزەییە جۆشدەدا: سۆز و دەستبازیی وشەکان.

وێدەچێ ئێستا ژیان لە من راپسکێ. هەرچەندە دەشزانم ژیان تشتێکی ترە و رووخسارێکی تری هەیە.

ئەوەی من بۆ تۆی دەنووسم، سەرهەڵگرتنی زمانە بەناو منەوە. من مێژوو و ئەزموون بە تۆ نابەخشم؛ تەنیا پەیقگەلکێکت بۆ دەنێرم کە بە لەرینەوە دەگەشێنەوە. ئەوها بەناوت دەکەم: رەگێک لە یادەوەرییەکی مەیلدار. من لە ناوتدا دەفراژێم. بە گەڕان بەناو تووەوە، بە رەگی چیایەکانەوە رەگئاژۆ دەبم. کە بۆ تۆ دەنووسم ئاسمانی چیایەکان گرژ دەبێ و تاراوگەش غەریبیت فەرامۆش دەکا. وشەکانم وەک رمگەلێک دەهاوێژم. زمانیش بەهایەکە لە: هەبوون. من لەناو دڵیدا جێنشێنم. لە زماندا من هێشتا زیندووم. وەک ئەستەمی وەستانی رووبارێک، بەڕێوەم. وەستان لە قەفەزدا، مەیلی من ببینە، لەوێ لە جەنگی زماندا، لەناو جەنگێک لە هەبووندا، خۆم دەبینمەوە. پرسیارکردنیش کاری من نییە، چونکە کە بوونێک هەبوو، ئەوە لە بووندایە. ئەوها تەنێ ناودێرکردنم سنووردار دەکەم. من بوونەوەرێکی پەنگخواردووم لە جەستەکانی خۆمدا ترازاوم.

وێدەچێ هێشتا نەزانم ئەو داباریـنە چییە کە بۆ تۆی دەنووسمەوە؟ گەرەک نییە بیزانم، چونکە من هەرگیز تۆ نابینمەوە. خۆم بەناو تاریکییەوە توورهەڵدەدەم، تا ئەو چاوە لە چاوتروکانانەت بتروسکێنەوە.. تاریکی رەگی منە. جیهانیش ئەفسانەیەکی تاریکە. ئەوەتا بێ پسانەوە بۆت دەپەیقم. من پەنهانێکم بە ئاگایی خۆم ناگەم.

ئەوە منم، بۆ تۆ دەنووسم، چونکە فامی خۆم ناکات. من ئەوها بە دوای خۆمڕا دەگەڕێم. ژیان لەناو جەنگێکی مەتەڵئامزدا بەسەر دەبەم. گەرەکە بڵێم: تا بچمە ناو هەبوون؛ ناو مەتەڵەوە. بەڕاست هەر خۆم مەتەڵم و لەوێشدا دەجمێم. رۆژانێک نەزانانە دەمگوت: دەکرێ مێژووی کورد بەرەو رووی خۆیە راسێنن. وامدەزانی دەکرێ بە هەناسەدانێک رێساکان بەناو فەرامۆشییەوە توورهەڵبدەین. ئەوها دەزانم چۆن هزرێک بەرزفەت بکەم. لێ دەزانم ئەوەی دەینووسمەوە تەنیا زرینگانەوەیەکە..

لەناو رەگی ئەو: زمانەدا، کە لەناو ئەو هەبوونەدا جماوە، هەستدەکەم بە هاومرۆڤاکەنەوە نامۆم. ئەوەی گەرەکمە چۆن بە گوێی بێنم؟ گوتنگەلێک هەن کە دەبێ بە گوێیان بێنم. وشەکان بێ وشەن. چیتر خۆم بە سازکردنی وشە تازەکانەوە سەرقاڵ ناکەم. دەبا ئەو وشانەی کە هەن، ئەو تشتانەی کە دەکرێ بگوترێن و ئەوانەش کە ناگوترێن، بە گوێیان بێنین. ئەو تشتانەی کە ناگوترێن، بیانڵێم؟ بە دەم جەنگی ئەو چیایانەوە، حەوسەڵەی چیت ماوە؟ لەمدیوی

هزرکردنەوە، هیچ گوتنێک لە ئارادا نییە. کەواتە: لە هەبووندای. لە چیایەکانی مندا هیچ وشەیەک نییە: وشەکان لەمدیوی یادکردنەوەن. وشەکان لە هەبووندان. من، لە هەبووندایە و چاوتروکانەکانی تۆش لە وشەکاندایە. بەرەو تخووبی خەونەکانمەوە ڕێدەکەم. خوێن لە دەماری ژیاندا خێراتر دەبێت. ژیان بەرەو ڕێگا نادیارەکانەوە پەلکێشم دەکا. ئەوها جەنگەکان دەنووسمەوە.

دەڵێی هەنووکە نەوای ناخ دەژەنم؟ چێژ لە پچڕانی سەختی نەوا دژەکان وەردەگرم. بەرەو کوێ ڕێدەکەم؟ تەنێ ڕێکردنە، ڕۆیشتنی من.

زایەڵەی مەرگ وەک کەفی سەر لمی کەنار، شوێنپێیەکان دەسڕێتەوە.

من ئێستا لە چاوتروکانەکاندا وەستاوم.

هەر ئێستا نۆرەی ئێستایەکی ترە.

هێشتا هەمان ئێستایە. بە ئێستایەکەوە سەرقاڵم کە داهاتوویەک لە خۆیدا ئامادە بکا. بەناو قووڵایی خۆمەوە دەبزوێم. ئەوها هەستدەکەم لەناو جەنگی چیا و چرپە و هەڵەتەکانیدا خۆم دەبینمەوە. لەناو ئەم جەنگەدا، ئازادە ئەم منە. من خۆم دەبیستم، هەست بە یێدەنگی خۆم دەکەم. ئەوەی کە دەینووسم، تشتێکی تر نییە لەوەی کە دەمەوێ بینووسمەوە. کە دەڵێم ئاسمان یادەوەریی چیایەکانە، واتا لە هەقیقەتێک دەپەیقم کە وەک شەبەنگ بەسەر چاوی چیایەکانەوەیە. ئەو چرپانە بخوێنەوە کە لە تەنیایی خۆتدایە. ئای من لە جەنگێکدام کە لە یێدەنگی دایە. ئەو منە کە خۆمم. وەلێ مەتەڵێک لەو کەسایەتییەی مندایە کە هەندێ جار لێڵم دەکا. ئەوەتا چاوی مانگ وشکدەکەمەوە و دەبم بە کەسێک لە رامانێکی راکردوو. لەناو مندا خۆمێکی زیندوو و نەرم لە زاندایە. بەو تشتانەی کە لە دەرەوەی مندا هەن بڵێم، کە هەبن؟ لە نزیکبوونەوەی ئەو تشتانەی کە هەن مەپرینگێوە. دەستپێکی ڕەگەزەکان لە کوێن؟ جووڵەی پەنهانییەکی هۆگر وەک فرۆیەکی ڕژاو نزیک دەبێتەوە. منداڵێک تا گاگۆڵکێ بکا، شیر دەخوا و مەمکیش لە ڕەگەزی شەپۆڵە. مەمک لە مانایەکەوە دەبێت بە مانایەکی تر. دواجار مەمک شەوقدانەوەیەکە لە مەتەڵ. منداڵ لە مەتەڵی مەمکەوە خدوو بە گەمەوە دەگرێ. لێ مەمکەکانی تۆ دوو دۆندن کە لەمدیوی تەمدا، دوو دۆڵ ئاشتدەکەنەوە.

شەو شێدارتر دەبێ و بەفریش فێی گرتووە، منیش هەناسە دەکێشم. بەردەکانی بەر تۆپبارانی ئەوێ هەناسەیان دەدا؟ کە چیایەکان هەناسە بکێشن، بۆنی هەقیقەت دەکەم.

ئـەوەی کـە نییـە، نەمـدیوە؟ تشـتەکان کـە هـەن و مـنش نایـانبینم، هەراسـانم دەکـەن. هەقیقـەتیش بـەر لـە چیایـەکان، بیرکردنـەوەی گـەرەک نییـە. مـن ئـەو هەقیقەتەم نەدیوەتەوە، کەچی لەناومدا دەژیـت. ئـەوها ئـەوەی بـۆ تـۆ دەنووسـم، ئاگرێکە لە چاوەکانی هەقیقەتدایە.

ئەمشەو مـانگی چـواردە لـەناو بـەفردا تەنیایە. مانـگ لـە پەنجـەرەڕا شـوێنخەوی چیایەکان دادەپۆشـێ. تریفەی مانگ بەسـەر رووخسـاری تاراوگـەوە دەبێتـە چلـوورە. چاوم دادەخەم ، لێ بەرەو کێ بفـڕم؟ تـۆ لـە ژێـر دارگـوێزێکی نزیـک کانییـەک یـان رێچکەیەکی درێژی تاراوگەدا وەستاویت و سـەیری مانگ دەکەی.

ئای مانگی چواردەش بێخەوی دایگرتووە. منیش تا خەون نـەبینم، خـۆم لـە خـەودا تۆراند. "خەون دەڵێ بخەوە تا بێمە خەونت"، مەحوی لـە خەلوەتداتـە و خـەوی بـە بیر هێنامەوە. بووم بە خەون و تۆش دەڵێی لـە خـەونێکی تـر دەخـەوین. خـەونێکم بینی، دەخوازم بە نووسین بیخوێنمەوە.

خەونێک لە وەرزێکی بێخەودا، کە منداڵییم تێیدا هـەراش دەبـوو. قۆمەتـە هـەنارێک لێم دەڕاونێ. پیاوێک لە هـەنارفرۆش نـەدەچوو، بـە هـەناری هەڵـدەگوت. گـەرمای هەتاو لەسـەر خاکی کات دەقرچایەوە. ژیان لە بیری بزوندا نەبوو.

ئـەوها خـوا بـە خـەون جیهـانی خووڵقانـد: خـوا راسـتەوخۆ نییـە، لـێ هـەردەم هەبوونێکی ئازادە.

تێدامان لە پرسی بوون، رازی منداڵییمە. ئایا سازبوونی ژیـان لـە خـودی خۆیدایـە؟ سازبوون لە کوێ دەستپێکرد؟ لێ هەموو جەنگەکانی تۆ لە چیاوە دەسـتپێدەکەن. منیش لەو دەمەوە خۆم ساز دەکـەم. وەلـێ مـن چیایـەکی بێمـاڵم. زیندەخـەوێکم مەیلی مەتەڵێک لێیداوم. سـۆزی مـن بـۆ خەرمانەیـەکی نـاخگرە، کـە وێـدەچێ لـە چـاوی قـەدەری چیایەکـەوە پـرژا بـێ. مـن لـە تاریکییـەوە خـەون بـە مەزنییەکـەوە دەبینم. ورووژانێک لە پەنگدانەوەی خود.

ئاخۆ ئەوەی کە بۆت دەنووسـم، زرینگانەوەی ئەمـدیوی یادەکانـە یـان بیرکردنـەوەی منە؟ گەرەک نییە تۆ لـە مـن بهـزری. لـێ دەسـت بـەردان لـە هـزرین لـە جـەنگی چیایەکانـدا ئەسـتەمترە. هـاودەمی ئـەم جەنگـەم بـە، ئـەی زایەندەیـەک لـە کانییەکان! ئەوها دوای جەنگ بـوو کـە رووبـار بـوو بـە لاوکێـک لـە نـەوای سـووتان. مەلاکەی گوندی "هەنارە"ش لە سرووتی بانگداندا بوو، بـە رۆشـنایی هەقیقـەت. درەختێکـی هـەناری "هـەنارە" وەک پەیکـەری خواوەندێکـە لـە چـاوی چیایەکـدا. هەنارەکان دەکێشـمەوە، تـا هانـات پێببەخشـم. نـازانم ئـەو جـەنگی چیایـە و ئـەم

هـەنگی یادەوەرییـە بـەرەو کـوێم دەبـەن! لـەناو خۆمـەوە رادەکـەم، لـێ لەوێـدا گەڕیدەیەکی ئازادم. دەگەڕێم و دەمنادەمیش دیمەنی یادێکت بـۆ دەگێڕمـەوە، یـان بە ئاوازێکی خەمینەوە بێدەنگی تاراوگەی لە بەفر دەدوێنم.

ئەوها دەروازەیەک بۆ گەمارۆدانی ئـەو جەنگـە ئـاوەڵا دەکەمـەوە. ئـاخۆ بـە کۆتـایی ئەو جەنگەوە، ئازادی دەسپێدەکا؟

لەوێدا شـوێنێک و لێرەدا تشتێک، هەمیشە بە خۆیانەوە گرێمدەدەن. یان رەنگە مـن خۆم بەوانەوە گرێبدەم؟ ئـەوەتا مـن لـە گەڕیدەییمـدا ئـازاد نـیم، مـن ئاوێتـەی تـۆ و شوێنەکانم، جەنگی چیایەکانم. مرۆڤ خـۆی ئاوێتەیەکـە لـە کـۆ؛ تاکەکەسـێک لـە کۆ. بوونێک لە کۆ قوورساییەکە لە مرۆڤ: مرۆڤ بریتییە لە هەموو بوون.

هەردەڵێی هەوەڵێن هەلە فامی تشتگەلێک دەکـەم. وێـدەچێ هـەروەک نەمـەوێ لە خۆمدا جیاببمەوە، لەوەش زێتر خۆم لە پرسیارگەل بدەم؟ هەندێ جار نیگـەرانم لە خۆم، من پیاوی ئەو رۆژگارە نیم کە مەیلی لە دەسـەڵاتێکی ساختەیە.

ئەوها لە خۆت بـدوێ کـە نـاتوانی. مـن قەڵـەمڕەوی هـیچ ناکـەم؛ کەسـێکیش بـە قەڵەمڕەو ناسناکەم. ئەوەتا زمانیش بەرزەفت ناکرێ. مـن ئـەوها هـەدادانم. منێـک کە لە دەرەوەی دابەشکارییەکانم، چیاگـەلێک لـەناو چاوەکانمـدا لـە بیرچوونەوەیـە. دەبینی ئەم زمانە لە دڵەلەرزێدا دەزرینگێتەوە؟

هەستدەکەی وشـەکانم چنینەوەت بە بینـراو دەکـەن؟ بریـا لـە بینـین بـەدەر بایـت، مـن کـە خـۆم لـە بینـین بینـراو نـیم. لـێ لـەناو ئـەو تاریکییـە گەشـەکردووەدا، بـە تروسکانەوەی خۆم شاگەشکەم.

ئـەوها خـۆم یادداشـت دەکـەم، کـە لـە فەرامۆشـکردنی تـۆم دام. هەنووکـە هەناسـەیەک دەکێشـم، تـا لـە فەرامۆشـیدا رۆبچـم. چیایـەک لـە هەبوونـدا بـوو، هەنووکەش بوونێک لە بوونداییە. مـن تـەنیا هـەبوونی چیایـەکانی ئـەوێ دەبیـنم و رۆژێک دێ، بەیانییەک کە بێدار دەبمەوە، وەک خەونێک، هەموو مرۆڤـەکانی ئـەوێم لە یاد بچن. ئەوها ئـەوێ دەبێتـە ماڵێـک لـە یادەوەرییـەکی چـۆڵ. ئـەوەتا لـە کـاتی نووسـیندا دەبمە دەنگدانەوەیەکی نادیار  و کەسیش دەستی بە نادیارییم ناگات.

هـەبوون، ورکـی منـە. هـەبوون چاوتروکانێکـە لـە کاتـدا. هەسـتدەکەم گێـژ دەبـم، هەردەڵێی خەریکم لە دایک دەبمەوە. لە دایکبوون: زەڕنەقووتەیەکم بینـی لەسـەر رۆخی پەنجەرەکەم لـە دایکبـوو. زەڕنەقووتەیـەک بـە رووتـی بـە دوای باڵەکانییـەوە دەیجریواند. دایکیشـی بە دەنووکی بوونی بە دەمییەوە دەکرد.

بۆ جیهان هەمیشە لە دایک نابێتەوە؟

کاتێ زەڕنەقووتەکە دەنووکی بۆ دایکی درێژ دەکرد، جیهانێک لە بێزمانی بە دوای ئازادبوون دەگەڕا. جیهانێک لەو دیمەنەوە لە دایک بوو. ئەوەتا بە تەمام ئازادی خۆت پێببەخشم. ئەوجا دوو باڵت لە وشەگەل بۆ دەهۆنمەوە، ئەی زەڕنەقووتەی روح! ئەوها تەنیا بۆ خۆت بژیی. وەلێ بە لە دایکبوونەوە، ئازادم من. لە دایکبوونەوە، زەڕنەقووتەیی، رەچەڵەکی جەنگی منە.

لە دایکبوونەوە ئاسان نییە، وەلێ لە هەبووندایە. لە هەبووندایە تۆ. ئا ئەمەش تەنیاییە. دوا دێڕ، چاوەڕوانی منە؛ چاوەڕوانی من، دوا دێڕە. دوا دێڕ، چاوتروکانێکە لە ڕێگە.

من دەبێ هەمیشە پرسیار لە چاوتروکانی تۆ بکەم. چونکە کوشتەی فەرامۆشکردنی تۆم.

ئەها ئێستاکە سەعات چواری شەوە و خەویشم زڕاوە. وەک گڕێک جێگەکەم جێدەهێڵم. هاتمە ئێرە. بۆ تۆ نووسین: هەبوونە.

ئەوێش لە گزینگێک دەچێت کە لە مندا ئاڵا بێت. من مەیلی خەونێکی خاوێنم؛ رووتترم لە رووبار. حەزم دەکرد ئەوها تەنیاییت. خۆشم لە تاریکییەکی داهێنەرانەدا جێگیرم. لە بیرکردنەوەیەکی روونی تاریکدا، لە گێژییەکی رۆشندا، ئامادەم.

گوتنی ترم زۆرە بۆت. لێ ناتوانم بۆت بنووسمەوە. من ژیاننامەی خۆم نین، بیرهاتنەوە لە مندایە.

ئەوها بە دەم ڕاڕەوی وشەوە دەنووسم. بەر لەوە ئاوێنە ببینم، رووخساری تۆم لە ئاوێنەبوونەوەی گۆماودا دەبینی. دواجار ئاوێنە رووخساری خۆی پێبەخشیم. ئەوەتا ئێستا لە رووخساری خۆم رادەمێنم. ئاوێنەش لە خۆیدا ئاوێنە بۆتەوە. رووخسارێکی رووت لە رووخساری من پڕە لە رووتی. کە هەستەدەکەم لە هیچ رووخسارێک ناچم، ئەوکاتە خۆمم. ئای کە ئەستەمە تەنیا لە خۆت بچیت! ئەستەمیش مسۆگەرییە. ئەستەمی ئاسمانی منە. لە نێوان ئەستەمیی و مسۆگەرییدا، ئاشنایەتییەک هەیە.

ئەوەتا لە دایکبوومەوە. هەناسەیەک بکێشە!

خەوشێکی جوانە کە لە دایکبوومەوە.

چاوەکانم دادەخەم. من کەسێکی تەواو بێئاگام. بەرهەڵدراو لەناو تەنیاییدا گێژەن دەدەم. من بیر ناکەمەوە، لێ هەست بە بیرکردنەوە دەکەم. بە چاوەی داخراومەوە بە دوای مەمکەکانتەوە دەگەڕێم. کەس منی فێری ویست نەکرد. من پێشتر ویستدار بووم.

ئێستا بە چاوی زەقمەوە لە هەنارێکی ژوورەکەم دەڕوانم. لە ناومدا نادیارییەک دەبینم. لەناومدا منێکی تری بێشێوە پەرە دەسێنێ. گوڵە حاجیلەیەک بەدیارمەوە گیان دەدا.

من هەم.

ئیشتا جمەی کات دەبیسم. تاراوگەش لەناو جیهاندا دەفراژێ. بەر لە کات بێدارم، بۆیە کات دەبیسم. جمەی کات و تاراوگەی فراژاو لەناو جیهانی هەبوونی مندا روودەدەن.

هەبوونێک، جیهانی منە.

لە قووڵایی ناخدایە، سەرمەستی.

دەزانم لە چاوتروکانێکی ئەو سەرمەستییەدا هەم. تۆ کە دەمخوێنیتەوە، هەر خۆمیت. ئێستا لام سەیرە کە رۆژێک دێت دەمرم. چونکە هەستێکی ساغ لە ناومدایە. ئەوها ژیانی من هەموو ئەو چاوتروکانەیە کە ناچنەوە و لە خۆشیان ناچن. چاوتروکان: لە ئازادبوون دایە.

هەستدەکەم بەڕێوەم بەرەو لە دایکبوون، لێ بۆم مەیسەر نابێ. من دڵێکم کە لێرەوە بۆ چیایەک لێدەدا.

تۆ کە دەمخوێنیتەوە وا بکە لە دایکبوون رووبدا.

بوەستە: خەریکە رۆژ بێدار دەبێتەوە، بێدارتر و بێدارتر بێتەوە.

چاوتروکان تژییە لە رۆشنایی.

بوەستە: خەریکە لە تشتێک دادەبڕێم. یان تشتەکان لێم جیا دەبنەوە؟ رۆشناییەک لە شێوەی خۆم لێم جیا دەبێتەوە. بوەستە : دەمەوێ لەو تاریکییە دەربچم کە دەموەستێنێ. من روحی رووناکییم. گرفتی من داخستنی پەردەی تاریکی پەنجەرەی ماڵەکەمە. داخستنی ئەو پەردەیە لە دەست مندا نەماوە. ئەوها فوارەی تریفەی مانگ دەڕژێتە ناو ژوورەکەمەوە. بێدەنگیش دەبریسکێتەوە. ئەها خەریکە تاریکی ناوەوەم دەتوێتەوە.

جیهانێکە، هەبوونی من. تاراوگەیەک لە بێکاتی. وێدەچێ مەبەستم سادە بێ؟ هەوا شوێنێکی نییە، لێ هەموو تشتێک هەڵدەگرێ. من لەناو هەوایەکی بەستوو و مەندا دەنووسم. لەوێ لە ژێر پێستی زماندا رووخسارێک لە جیهان زاو زێ دەکا.

ئەگەر کات کۆتایی هەبێت، داهاتووش لە بووندا دەبێت؟

ئەوها کە بۆت دەنووسم، خەمی من ئەوە نییە کە بیخوێنیتەوە؛ حەزی من ئەوەیە کە لە بووندا بین. گوڵنارێک لە هەوادا لە دایک دەبێ. یەکەم باغی هەنار لە تاراوگەدا دروست دەبێ. زەویش دەڕازێتەوە. بێ بوونی کات ئاوەدانی لە گۆڕێدا نییە. ئەو جەنگی چیایانەش هەمیشە لە زاندا دەبن. لە جەنگی بوونتدا بجەنگە، ئەی ئەو زمانەی کە لە دایک نابیت!

ئەوکاتە بوونی من دەستپێدەکا و کاتیش لە رەودا دەبێ.

ئەو ژیانە نەخشەدانانێکی گەرەک نییە. نە سنوورێک دەناسم بموەستێنێ و نەخۆشم سنوورێکم هەیە: من پەلدەهاوێژم. لەوێدا لەناو جەرگەی جیهاندام.

ئەوەتا ئاهەنگەکانم هاوئاهەنگ دەکەم. هەر ئێستا لە تۆ و جەنگی چیایەکانی خۆم دەدوێم. سەرهاتی من لێرەدا نییە. لێ ئەو سەرهاتە لە خۆیدایە. کێ لەگەڵ ئەو سەرهاتەدا هەڵدەکا؟ من سەرقاڵی گەمە نیم، من خودی ناوەکەی خۆمم. لە هێڵێکی نادیاردا بۆت دەنووسم. لەوێدا داهاتوویەک هەیە، کە خودی ئەو چاوتروکانەیە شەو دەستپێکرد. دەستم تریوەی دڵم دەبیسێ. کەروێشکێک لە دەرێ رادەکا: ئاخۆ ئەوە گەوهەری مرۆڤە؟

لەو رابردووەمدا مەتەڵێکم هەیە کە تاریکی ئێستا دەمبەستی دەکا. پادداشتی ئەو قوربانییەی من، داپرانێکە لە خۆم، ئەی من!

ئەوتا من وا بە هێوریی بەرەو بوون رێدەکەم. داهاتووش بە دواوەمەوە دێ. داهاتوو هەمیشە رابردووە، رابردوو هەمشە ئامادەیە. ئەوە منم کە هەم. کێ لە گەڵمدا دەبێ؟

شەو بۆ خۆی جەختدەکاتەوە؟ تازە سەرەتای جیهان دەستپێدەکا. ئاسمان بە تریفەی مانگەوە لەسەر زەویدا رەدەکشێ و گوێ بۆ ترپەی دڵ رادەگرێ. مردن و لە دایکبوونیش، هەناسەدانی ژیانە. من لە جەنگی چیایەکاندام. ئەوەتا خۆم بۆ ئاخاوتن لەسەر کەوتنی بەرد و خاکەساری ئەو ئەزموونە ئامادە دەکەم. من هەرێی گێرانەوەی مێژوویەک بە کەس نادەم. وەلێ مێژوویەک هەیە گێرانەوەی

نامێژووە. کە بۆ تۆ دەنووسم هێڵێکی شەبەنگیی بەناو جیهاندا دەبزوێ. کەواتە داهاتوو بەرانبەرمانە، کە کتومت ئەمڕۆیە.

شەوانە پەنامەکی ناخی چیایەکان وەک خواوەندەکان بەدیار دەکەون. سێبەرێکی قورس بە زمانەوە شۆڕ دەبێتەوە. ئەسپێکی سەرهەڵگرتوو بە ئازادی بەناو جیهاندا دەحیلێنێ. کێ لەو شەوانەدا دێتە لام و سێبووریی ئەو یادانانەم دەداتەوە؟ تۆ یان خۆم؟ وێدەچێ هەموو تشتەکان پێشتر لە چاوتروکانێکدا بەر لەوەی پێش بێن، پێشهاتوون؟ ئەوها من سەرگەرمی ئەو پرسیارانە دەبم کە ڕۆژێک دێ زۆرێک لەو پرسیارانە ڕوودەدەن. بێخەوی لەسەر زەویدا گەمارۆتدەدا. درەختەکانیش وەک من لە تەماشاکردنی شەقامەکان ماندوون. دیمەنە جوانەکانی ئێرە چێژ شەکەت دەکەن. بیری ئەو دیمەنانە دەکەم کە تراویلکەیین لە خاکێکی کێوییدا.

لەوێ بوو تۆم بینی، لەمەدیو درەختەکانەوە خۆت بۆ ڕووناکی چیایەک ڕووتدەکردەوە. لەوکاتەوە من هەوادای جوانییە هونەرییەکان نیم. لەوێ بەبێ جوانکاریی نیگام لە بەرزایی دیمەنی بەردەکان کێویی بوو. شکم لە ناشیرنییە بەناوکراوەکانە. بە ڕووی مەرگەوە رادەبم و پێی دەڵێم: من مەرگی خۆمم. ئەو بکوژەی لەناومدایە، بکوژێکە سۆراغی بکوژێکی دەرەوەی خۆم دەکا. لەناو تاریکیی و ڕووناکییدا ڕووخساری مرۆڤ دەبینم کە لە گومانی خۆیدا وێڵە. من دار هەنارێکم لەناو تەمتومانی گوندی "هەنارە"دا. ژنێک لە جیاتی نانی نیوەشەو، میوانی ئازادییم دەکا. تەنیا نهێنی چیایەک بە ئێوەم دەبەستێتەوە، ئەی میشگەلی قەڵەم و قەڵەمڕۆکانی ئەوێ!

پەرتەییەکانی خۆم خۆشدەوێن، من بەو پەرتییانەوە دەتلێمەوە. تەنیا تشتکم لەگەڵ ژیاندا لە دەست دێ: ئەو شەوە لە بێخەوییانە بلاوێنمەوە کە تۆ بەرەو چیایەکان هەڵەتە دەکا. دەمارێک لەناومدایە کە ناچارمدەکا خۆم مشتوماڵ بکەم. ئەوکاتە شەو دێت و شەکەتم دەکا. شەوە درێژەکان پەلدەهاوێژن و قووتمدەدەن. بایەکی سپی بەناو بەفرەوە بانگم دەکا. بە دوای دەکەوم تا پەرتترم دەکا. ئەگەر من بە دوای ئەو نەکەوم لە خۆکوژییەکی خاکەساردا خۆم لە دەست دەدەم. ئەوها بە ڕەنگکردنی هەنارێک ژیانم دەپارێزم. کە بە ئاوەز بوونم و ڕمانی جیهانم بۆ بەرزەفت نەکرێت، خۆم بە هەقیقەتێکی چیایی خەنی دەکەم. چۆن ئەو هەقیقەتەم بە بیر بێتەوە کە بە ڕووتی خۆی نماییشدەکا؟

وێدەچێ خەریک بم بە نووسینەوەی خۆم، یان خۆم کۆبکەمەوە؟ تا دەگەمە ناخ خۆم کۆدەکەمەوە. ئەوها بە دەنگی تۆوە بانگی چیا دەکەم. وەک لاملی ئەو

چیایـەی کـە هەقیقـەتی خـۆی لـە نـەگۆری رەگئـاژۆ دەکـا، لـە دەسـتدانت جەختدەکەمەوە. مـن وزە لـە هەناسـەی چیایەکانـدا دەخـوازم. چاوتروکـانی تـۆش وەک گوڵئەسـتێرەیەک لـەناو تـاریکی جیهانـدا دەبریقێتـەوە. خـەریکم دەبـۆرژێم و گۆرانییـەکم بـە یـاد دێتـەوە. دەڵێـی تـۆی لـەناو بێـدەنگی شـەودا بـە دوای منـەوە دەگـەڕێی؟ ئێسـتا بـەو شـەکەتییەوە تاوێـک خـۆم بـە گـۆ دێـنم. ئـەو وشـانەم بـۆ ناچڕدرێن کە لە دووریی یادەوەرییدا بە جێماون.

بـە تـەما نـیم، پـەیامێک بسـەپێنم، پـەیامێک ناسـناکەم. لـەو گـەمارۆدانی لـە دەسـتەدانەدا، تـەنیا ویسـتی خۆمـە کـە ئـازادم دەکـا. مـەیلی مـن ئامـادەکردنی ناوەوەی خودێکە کە بەناو منەوە پەنگدەداتەوە. ئەوەتا لەبەردەم ئـەو تشـتانەی کـە دەمەوێ بیانگەمێ شاگەشکەم.

گـۆرانی چیـا، جـەنگ چڕینـە. پیرییـەتیش خەریکـە بێتـە ناومـەوە. چیـا چ سـترانێک دەچڕێ؟ من ئـەو دوا پەیڤـەم، ئەوکاتـەی ئیتـر خـۆم نـیم. ئـەوەتا تـۆزی شـەڕەکان بەسەر رووخسارمەوە کەڵەکە دەبێ. تا قسەکردن لە جوانی زیاتر بێ، لـە جـوانی دوور دەکەوینەوە و هێندەی زیاتریش جـوانی پروادارتـر دەبـێ. مـن بـەرەو قووڵایی نـاخم بـەڕێوەم. هەسـتدەکەم حـەزی بـە شـەڕەنگێزی زیـاترە. لـەناو ئـەو ئاخاوتنـە نەبانەدا چڕییەک دەدروەشێتەوە. زەوی لە رەگەزی بەردە و رەچەڵـەکی چیـاش لـە ئازادییە. ئازادییەک لە جیهـانی منـدا نییـە، مـن تـەنێ لـە ئامـاژە جەختکراوەکانـدا ئازادم. بە و شـەکانمەوە ویسـتە بێدەنگکراوەکانم دەکێشـمەوە. بـە خـاتری رەنـگ، پەرداخێک شـەراب دەخۆمەوە. خەیاڵ لە پەرتییدا جوانـە. بـە دەنگێکـی داپڵۆسـراوە راونراوم. لەمدیوی ئەو خەیاڵانەدا سـەربانێک هەیـە کـە مـن لـە تۆغیـانی منداڵییـدا لێم دەڕوانی. لەوکاتەوە سەربان سێنتەری ژیانە. ئەها دیسانەوە شەو هاتەوە.

تۆ لە بیرکردنەوەیەکی کە من لە خەونەکانتدا خوێندوومەتەوە. سـەرهاتێکت هەیـە کە چیایەکان بێدەنگ دەیلاوێننەوە. سـەرهاتی تۆ تـەنیا وشـەگەلێکە لـە رەنگـەکان. ئـەوەتا وەک لاولاوە لـە ملـی چیایـەکان ئـاڵاوی. وشـەکان لـە بیرکردنەوەمـدا هەسارەی هەراسانی سەر لووتکەن. شـەوە بێخەوەکانیش جـەنگی مـنن بـە دەم لە دەستدانی تـۆوە. هـاوارکردن بـەرەو زارم و ئـەو بۆشـاییە دێـت کـە هەقیقـەتی ئـەو ژیانەیـە. ئـەوەتا دۆراوەکـان وەک شـانۆیەک رەوشـت نماییشـدەکەن. لـە دوا دیمەندا جەنگاوەریی، وەک هەمیشە، دڵشکاوییەکە لە شکۆمەندی.

کـاتێ دیمانـەی بووڵێـڵ دەردەکـەوێ، هەسـتدەکەم لەگـەڵ هـاتنی سـبەینێ سەرلەنوێ "لە سێبەری کێوەکاندا"دەتبینمەوە. دەبا هانایەک بە هانامەوە بـێ! لـە جـەنگی چیایەکـدا خـۆم لـە دەسـتدا. لـە دەسـتدان، جـەنگی منـە. مـن بیـری

سێبووریی تۆ دەکەم. گەرەکە لە ڕۆژگارێکی تەنیادا پێکەوە بین، تاکوو بەناو یەکتردا بزرینگێینەوە. لە دڵەوە بۆت دەدوێم، خەریکە کۆتایی بەو جەنگە بێنم. گەرەکمە بۆ چرکەساتێک لە دایکببمەوە و ئەوسا لەناو ئەو جەنگەدا راسێمەوە.

ئەوەتا بەفرە زیوییەکەی ئەمدیو پەنجەرە دەبریسکێتەوە. ئەم وەرزە کەی دەستپێدەکا؟ بۆنی هەستێک دابەشمدەکا. بۆ دەبێ هەموو تشتێک بزانم؟ من وەک کەژناسەکە بیرناکەمەوە. لێمگەڕێن وەک خەمێک بدرەوشێمەوە. نە سەر بە ئێوەم و نە پەنابەرێکی ئەم تاراوگەیەشم: من هەبوونێکی تەنیام. دڵێکی پێوەڵام، بە رووی بوون دەبێتەوە؛ سەفەرێکی سپییم بەرەو بێماڵیی رێدەکەم. گەڕیدەیەکم، جەنگی چیایەکی مەحاڵ دەکێشمەوە. ئەوەتا ئەو جەنگەت بۆ دەنووسمەوە. تۆش بە هێوریی بیخوێنەوە.

دەسپێکردنەوەی من ئەوهایە: گوڵنارەکان شکۆمەندانە ئاور لە پاییز دەدەنەوە. بۆنی نان لەو جەنگی چیایانە، ئازادم دەکا؟ لێدانی دڵم بەناو کانییە تێنووەکانەوە وەردەبێ.

لە داکبوونەوە: گەڕانەوەی گوندنشینەکانە بۆ چیایەکان، نوێژکردنی رووحە بە رووی لووتکەکانەوە.

لە دایکبوونەوە: بێدار بوونەوەی کوردە لە بێ یادەوەریی.

دەبێ ئەو چیایە بە گۆرانییەک ئەو جەنگە بناسێنێ. تا منی تازە لە دایکبوو تێر بخەوێ،

گۆرانی جەنگاوەرێک، نەوایەک لە مندا بە گۆدێنێ: نازانم بۆچی ئەو جەنگەت بۆ دەنووسمەوە کە تۆش هی کەسێکی تری؟ من تەتەرێکت بۆ دەنێرم. ئەوەتا من دەتنووسمەوە و تۆش رووخسارت بەرەو کەسێکی تر وەردەگێڕیی. یادەوەریی من تۆی خۆشدەوێ و تۆش ئاگات لە بێخەوی من نییە. ئەوها گۆرانی بۆ چیایەک دەچڕم تا لە هەقیقەتی خۆی پەشیمان نەبێتەوە. من چیاییم: لە دەنگدا گزنگێک لە غەم و جەنگێکی گەرم، ئاوازێکت بۆ دەژەنێ.

من ئەوهام کە ئازار چێژدار دەکەم. دەزانم مرۆڤگەل بە ئازارەوە دەمرن، منیش تەنیا بە ئازار لە دایکدەبمەوە. جەنگی چیایەکان، گۆرانی منە، مروڤی تەنیایە. لەوێش مرۆڤەکانی وڵاتەکەم، بە یادەوەرییەکی تاڵانکراوەوە گەمارۆدراون.

پشـوویەک وەردەگـرم و بـەدیار ئـەو جـەنگی بەفرباریـنـەوە جگەرەیـەک دەکێشـم. جەنگەکان لـەو چاوتروکانـەدا دەبـن چاوتروکانێـک لـە تەقینـەوە. ئـاخۆ ئـەو ئێسـتایە دۆخێکە لە وەستانی کات؟

بەفر واز لە شـەو نـاهێنێ و مـانگیش هـەروا لـە پەنجەرەکەمـەوە نزیـک دەبێتـەوە. سـەعاتەکەم بە وەستاوی دەڕوانێ و ستۆکهۆلم لەناو دوورگـەی یـادەوەریی منـدا، بێدەنگی لێ دەچکێ. دەمەوێ سـەعاتەکەم لەناو باغچەکانی بـەفردا بنێـژم. کـات لە ژێر خاکدا لە دایکدەبێتەوە؟

مـن چڕکـراوەی خـۆمم. لێکچڕژانێـک لـە نـاوکۆیی جەنگـەکان: لاوانەوەیـەکی مـن قووڵترە لە قەبارەی خۆم. هێورتر دەبمـەوە کـە بەسـەر چیایەکانـەوە هەڵدەگـەڕێم. کـە بـڕوادار بوویـت بـە خـۆت، مـانگیش لـە پیرییـدا بێـدەنگ دەبـێ. مـن بـە دەم چاوەڕوانی کاتەوە لەگەڵ چیایەکاندا دەجەنگم و کاتیش لەناو خۆیدا وەسـتاوە. مـن ئەوهام، کە بەسـەر گەرمییەوە بۆت دەنووسم. چـاوەڕوانی هـاتنی تـۆم و ناشـزانم خەریکی چیم.

بۆ ئەوەی لەگەڵ خەو و تۆشدا راستگۆ بم، دەبێ بڵێم کە ئێسـتا سـەعات چـواری شـەوێکی یەکشـەممەیە. یەکشـەممە بەسـەیرکردنمەوە، دڵتـەنگم دەکـا. یەخـەی مەترسییەک دەگرم، تاکوو نهێنییەکانی چیا لـە یـاد بکـەم. ئێسـتا لـە بیرهاتنـەوەدا پەنگدەدەمەوە. یەکشـەممەش لە خۆی دەپرسێتەوە. نـاوەوە و دەرەوەم هاووێنـەن: لاواندنەوەی من ناخگرە. ئەگەر شـەپۆلەکانم زیـاتر بـن، مـانگیش نزیکتـر دەبێتـەوە. خـەریکی کـاتێکم کـە لـە هەرەسـانییدا ناوەسـتێ. دەبـێ بزانـی، مـن زۆر بـە هیدڵییـەوە دەنووسـم. نـازانم لـەم جەنگـەدا چـی پێشـدێ. چیایـەکان لـەو گەمارۆدانـەدا دەلاوێنمـەوە. مەترسـییەک هـەروا گـەمارۆم دەدا. لـەو مەترسـییەدا نهێنییە نوێیەکانی ئەو جەنگی چیایانە ئێدەگـەم. دەبـا ئـەو جەنگـە بـەرەو هەرێمـە راوماوەکانی چیایەکان پەلکێشم بکا کە نە کەسێک و نە جیهانیش ئاشنایان نین.

هەموو پێشهاتەکان ئاوێنەبوونەوەی بیرەوەرییەکانن. ئەو هەموو تێهەڵچوونەوانـەی من لە یادداشـتی چـین؟ رەنگـە مـن ئـەوها نـەبم کـە هاومرۆڤـەکانی مـن ناچـارم دەکەن من نەتوانم ئەوە نەبم کە هـەم: هەڵگەڕاوەیـەکی رەقـەکار. هەراسـانییەک لە هەستم دایە کە نازانم چییە.

لێ بە سـەرراستییەوە ئەو جەنگی چیایەت بۆ دەنووسـمەوە. مـن ئـەوهام: ئـەوەتا ئەو جەنگە هەڵدەگیرسێنمەوە و نیازیشم نییە ژیاننامەی خۆم نمایش بکـەم: مـن سـەرهاتێکم لە پەنامەکی چیا. ئیتر چیترت بـۆ بنووسـمەوە؟ تـەنیا دەزانـم کـە تـۆم گەرەکە. بە رامانەوە لە خۆمدا رۆدەچـم، بـەڵام بـەدگومانم لـە خـۆم قـوولتر دەبـێ.

ئەوها خۆم بۆ دەستپێکردنەوە مشتوماڵ دەکەم. راستییەکی راساو لە حەشارگەی خۆم دایە. دەزانم دەست لەو جەنگەدا بەرنادەم، چونکە فرچکم بە چاوتروکانەکانی تۆووە گرتووە.

هەستدەکەم لەناو راڕەوی وشەکاندا وێڵدەبم. بە سێبووریی نهێنییەک دەژیم کە چرپەکانی لە چاوەکانی چیاوە دەتروسکێتەوە. واز لە هاوشاخەکانم دەهێنم کە ئێستا پۆشاکی بیرچوونەوەیان پۆشیوە. بە هانای ئەو جەنگی چیایەوە وەرە، ئەی خواوەندی چاوتروکانەکان! کەس نەما لە تەنگەبەرییەکانی ئەم تاراوگەیەدا بەلەدیم بکا. هەرچەندە بەفر بێ پەروا تارمایی مەوداکانی سپیدەکا، لە من جارێکی تر رێگای هاتنەوەم تاریکتر دەبێ. گەرەکە بمرین، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە ناوخۆماندا لە دایکبینەوە. ئەوەتا بەرەو نادیاریی خۆم دەگەڕێمەوە. کاتێ خۆم دەدۆزمەوە، لە ئێوە دەدوێم. تاقەتی مانەوەم لە ژیاندا، بانگێکە لە بوون دایە. داهێنانی بوونەوەرێک لە خۆت سەختترین خواستتە. ئەوەتا خەریکم تۆ دەنووسمەوە؛ خۆم دەسازێنمەوە.

بۆ ئەوەی بە دوای سۆراغی خۆمانەوە بڕۆین، گەرەکە لەناو تاریکییدا رۆبچین. جەنگی من هێورکردنەوەی سۆزی سۆراغکردنە. لێ ئەوە یادەوەرییە کە فەرامۆشم ناکا. ئەها نهێنییەک لە دایکدەبێ! تشتێک دەبێ بە خۆی. هەقیقەتی فەرامۆشکردنی ئەو جەنگی چیایانە، کەڤرێکی قووڕسە. ئازاری هەقیقەت لە زارتدایە. لێ رووخساری گەوهەرت لە گیای ژێر خوناوی دۆڵی "کافێ" نەرمترە.

من لە رەچەڵەکی ئێوە نیم. لێ لەناو زمانێکدام کە وەک خۆم زامدارە. ترپەی کات دەبیسم، دەبێ پرۆمە دەرێ. چرپەش لە هەبوون دایە...

کەواتە تا چاوتروکانێکی تر من لە مەرگ بێبەرییم. ئەوەتا چاوتروکانی تۆ تێپەڕیی و منیش هەروا دەژیم. دەخوازم لەناو تابووتی کەڤری چیایەکاندا بنێژرێم. لە مەرگیشدا واز لەو جەنگی چیایە ناهێنم. جێگەم لەسەر ئەم زەوییەدا نەماوە. دەمەوێ وەک ئەرکیڤێک لە جەنگەکانی یادەوەریی لە نێوان کەڤرەکانی چیایەکدا رادەکشێم. ئێستا نۆرەی چاوتروکانێکە. هەستی پێدەکەی؟ چاوتروکان لەناو هەستم دایە. هەوا لە هەبوون دایە و منش بۆنی چیام لێدێ. هەرچەندە حەزم لە بۆنی گوڵنار و مێخەکە، کە مانگیش بە تام بۆنییان خەنی دەبوو. لەوێ بوو، لە نیوەشەوێکی بەفرپۆشدا مانگم بینی. بە دەم جەنگەوە مەمکەکانتم لەبەر رەهێڵەی باراندا ناسی. دەچم مورەبای هەنار دەخۆم، چێژی مەمکەکانتم لە زماندا دەزێتەوە. چۆن تامی مامکەکانت لە وشەدا بنوێنم؟ زمانێک لە تامی تۆ؛ تامێک لە جەنگی چیا لە زمانم دەزنێ. جەنگی منیش، چیایەکە لە تامی ناو

دەنگی تۆ. من غەریبی خۆم و غەریبی تامی سێبەرەکەی تۆ لەسەر بەردەکەدا دەکەم. ئەوەتا نەواکانی ئەو موزیکە بەناو شوێنکاتی ناوەوەم وەردەبن. ئەوە شوێنەکە بێدارە یان تامی تۆ؟ لە مدیوی بیرکردنەوە، دڵێک لە ناو جەرگەی ئەو جەنگەدا لێدەدا، ئەوە دڵمە کە لێدەدا.

گەرەکە بمرم و ژیانیش بەردەوام بێ. تا دوا چاوتروکان نەچێژم، نامەوێ بمرم. گۆرانییەک لە گڕ لە ناخم دایە، نازانم کەنگێ لە دایک دەبێ.

دایکم وەک پەڕەسێلکەیەکی ناو تیشکی مانگ کپ بوو، بەهای منداڵی کوژایەوە. دایکم نێژرا، نیوەی جەستەم لێرە لە جیهانێکی دۆشداماودا جێماوە؛ هەرێمێکی روحم لەگەڵ دایکمدا نێژراوە. دایکم کە لە نوێژکردندا بیری لە بێماڵی من دەکردەوە، مەرگیش لە دەرگەی ماڵەکەی دەدا. چێشتی ئێوارەی لێنا، بەر لەوەی بیخوا، دوعاکانی نە بە هانای بێدەنگبوونی دڵی هاتن و نە مرازەکانی من. ئێستا چاوم لێیە دایکم وەک سافیلکەیی خۆی بە مەلائیکەتەکان دەڵێ: من بێکەسم و هیچ گوناهێکیشم نییە. ئێستا هەر دەڵێی منداڵێکی هەڵەتەم و تەنیایی دونیا راوم دەنێ. لێرەوە، لە ئێوارەیەکی شلەژاوتر لە خۆم، هاوارم لە مەرگ کرد، تۆ لە کۆڵانێکی هەڵە و بە دوای کەسێکی بێکەسدا دەگەڕێی، دایکم لە تەندرووستییەکی باشدایە. ئەو شارە بە حکومەت و کۆڵان و باڵاخانە و شەقامەکانییەوە لە دایکم پیرتر بوو. دایکم مردوو و پەپوولەکانی دڵی بێماڵ مانەوە.

حەز دەکەم وەک دایکم بە جەستەیەکی ساغ و روحێکی پاکەوە بمرم. ئێستا دایکم لە دوا ماڵە ئەبەدییەکەیدا چاوەڕوانی من دەکا. دایکم خەونی بە ماڵێک دەبینی کە بێماڵیی منی تێدا بسرەوێ. دایکم هەقیقەتێک بوو لە چیا. دایکم دەیزانی وەک چیا تەنیا بە پێوە دەمرم. هەر ئێستا دڵدانەوەیەکی گەرم لە نێوان من  و دایکمدا روودەدا. دەڵێی تەنێ منم کە لە چەقی جیهاندا بە خەبەرم؟ دەزانم کەمێکی تر هەر منم خۆم دەلاوێنمەوە. ئەوها بەم جەنگەوە جیهان بە لە دەستدانی دایکم بە ئاگا دێنمەوە.

ئێستا کاتی بێدەنگیی منە، ئێستا بێدەنگی بە گۆ دێ. ژوورەکەم رێکدەخەمەوە. چەپکە گوڵی سەر مێزەکە ئاودەدەم کە "شایەن" لە جیهانێکی دوورەوە، وەک سەردانێکی کتوپڕ، بۆی ناردووم، وێنەکەی دایکم لەناو ماڵەکەمدا شەوقدەداتەوە. دایکم دەبینم لەناو گوڵە رەنگینەکاندا لە ماڵی بەهەشتدا دانیشتووە و لە تەسبێحەکەی دەگەڕێ کە لە ماڵی بێکەسیدا بەجێهیشتووە. هەر ئێستاش من لە وشەیەکی نادیار دەگەڕێم کە لە نادیاریی دایکم دایە. نیوەشەو بۆنی کەزییە

خەناوییەکانی دایکمی لێدێت، کە لەبەر نەبوونی کەسێک کە بۆی بشوات، پارساڵ لەبەر هەتاوێکی خۆڵاویی بۆم بڕی. ئاژاوەی ناوەوەم پەلدەهاوێژێ. چیایەکان نزیکدەبنەوە. بۆ رووخساری مانگ لە جاران ناچێ؟ جەنگێکی نوێ بەڕێوەیە. دایکم نوێژێک بۆ دڵنەوایی و پاکبوونەوەی گوناحەکانی من دەکا. دەستە بۆنوێژەکانی بەسەر هەنیەمەوە دادێنێ. منداڵیی فەرامۆشکراوم قدیلانەی دەبێتەوە.

هەستدەکەم بارانی بیرچوونەوە بەسەر سەرمەوە دەبارێ و وشکییەتیم تەڕناکاتەوە. من لە ناو بیرچوونەوەیەکی قووڵدام. گەرەکە بخەوم؛ بێدەنگ بم؟

پیرییەتیم دەڕسکێ. شەکەتم و ناتوانم ئەو جەنگە گەرمە رابگرم. بێبەرییم لەو جەنگی گوناهانە. ئەوهایە جەنگی من. لەناو وشەکاندا لە دایکدەبمەوە، تا دایکم بە ئاگا بێتەوە. ئاراستەیەکم بۆ ژیان نەدۆزییەوە؛ ژیان خۆی لە بازنەیەکدا پەلدەهاوێژێ. من لەناو ژیاندا پەرژ دەبمەوە. پەرژدەبمەوە و پەرۆشی ژیانم نییە. ئەوە منم لە جەنگێکدا بۆنی پەرۆشی تۆ پرزەی لێبڕیوم. هەر ئێستا پشووی ئەم جەنگی چیایانە تەواو دەبێ. گەیشتن بە شکۆ، جەنگێکی دژوارە. جەنگەکان، بەرهەمی هەڕەشەی هەقیقەتن. مرۆڤگەلێک هەن کە بەرگەی ئەو جەنگە ناگرن: ئەوان یادەوەریی یەقدەدەنەوە. من خدووم بەو جەنگە گرتووە.

گۆرانییەکی غەریب دەبسیم کە ناوەوەم دەیچڕێ. گۆرانییەک کە پڕە لە من و لەناو ئاسماندا دەنگدەداتەوە. لەم جەنگی نووسینەدا زیاتر، هیچی ترم نییە بۆ فەرامۆشکردنی ئەو پەرۆشییە. من کوشتەی جەنگی فەرامۆشکردنم. مرۆڤ چۆن ئاکاری مێش دەگرێ؟ چۆن ئاکاری مێش لە بوونی مرۆڤ رەگکێش بکەین؟ هەولێر بە مێشگەل تەنراوە. هەولێر وەک شوێنێکی دۆڕاو، لە جەستەم نایێتەوە. چیایەکان دەست لەسەر شانم دادەنێن. کەڤرێک لە خۆی بەناو دۆڵی تەنیایی دڵمەوە غلۆر دەکاتەوە. مێشەکانی ناخی مرۆڤگەلی شار رووتدەبنەوە. ئەوەتا هەر دەڵێی لە نێوان خەو و بێدارییدا دەپەیقم.

لە بیرکردنەوەیەکدا دەجمێم و لە هیچیش نزیک نابمەوە. چەکەکەم هەڵدەگرم. لەگەڵ کێ بجەنگم؟ هێشتا لەو تێکچڕاژانە ناگەم. ئێستا جەنگەکە سەختر دەبێ: بە رووی واقیعکم  کە هێشتا لە بیرکردنەوەدا نییە و هێشتا وشەیەک نییە بینووسێتەوە: ئەمە ژیانێکە لەمدیو بیرکردنەوە.

خێڵەکان لە دیوەخانی هەڵخەڵەتاندندا خەون دەبینن. ئەو ئاراستانەی کە بەرەو داهاتوو دەکشێن، بەناو هەوادا دەسڕێنەوە. جەنگی چیایەکان، مەتەڵی منە. خۆم بەجێدەهێڵم و ناوی خۆم رەتدەکەمەوە. ئەوها دەبم بە جیهانێک لە چیا. هەر

دەڵێی چیایەک بۆ ناوەوەم دەگوازمەوە. بە دەنگێکی بێ هاوتاوە بە دوای دەنگی دونیایەکەوە ڕێدەکەم.

بێ هیچ سەرەتایەک بۆ تۆ دەنووسم: ئەوەی دەینووسمەوە پەلهاوێژانێکە لە جەنگی چیایەکان. چیایەک لەناو زماندا بەرز دەبێتەوە. "قەندیل" لەناو قووڵایی جیهاندا هەقیقەت هەڵدەمژێ. ئەو گۆرانییە ناوەکییە لەگەڵ وشە و دێڕەکاندا یەکانگیر دەبێ. ئەو جەنگە دەبینی؟ بە ئەزموونەکانمەوە ئەو جەنگە دەنوێنم. تا دێ پرشنگی ناخ لە پەرۆشییەکانیش گرینگترە. لە پرشنگدایە، هەقیقەت. وشەکان بەناو ئەو شوێنە چۆلەدا وەردەکەم. سێبەری تەنیایی پەرت دەکەم. پرشنگیش هەبوونێکە. هەبوونێک لە چۆلەوانی باڵدەگرێ. تەوێڵی تەنیایی، پرشنگ دەپۆشێ. لە شەوێکی درەنگدا، پرشنگ لە تەوێڵێ تەنیاییدا دەچنمەوە. تەنیایی دەمکا بە تاکەکەس. تاکەکەسێک بە تەنیا لەگەڵ چیادا دەجەنگێ. چیتر کاتەکانی تەنیایی ناژمێرم. تەنیایی لە ژیاندایە. هەستدەکەم تەنیایی بوونەوەرێکە لە من کە وێڕای گومانەکانیشم، کەچی ئازادییەکەی ڕامناکرێ. تەنیایی بە خۆی دەچێ.

کاتێ تۆ دەبینم، گوناح دەمپۆشێ. ئێستا لەناومدا گوێم لە زریکەی ڕەچەڵەکی خۆمە: بە خۆم دەچم و هەر خۆشم لەگەڵ تەنیایی خۆمدام. وێدەچێ چیتر نەزانم سەر بە کوێم و لە کوێشم؟ لەسەرخۆ خۆم لە بیردەچێتەوە. هەستدەکەم تەنێ لە نزیکبوونەوەی خۆم ئاشنام.

ئەوها لێگەڕێ شەڕ بە دژی تاڵبوونی جیهانێکی بەتاڵ بکە و خۆشت بدە بە دەستی خۆتەوە. لێ هیچ لەوە دژوارتر نییە، یەخسیری چاوتروکان بیت. ئەوە دژوارییەکی تژی لە مرۆڤانەیە. بەهار خەریکە دەستپێدەکا. من خۆم یەخسیری وشەکان دەکەم. کە دەنووسم خۆم بەجێدەهێڵم.

گرتنی گوڵێک لەو گوڵدانەدا. وەک ئەوەی چاوتروکانەکان کاڵبوونەوەی چاوتروکانەکان بێت لە هەستی ئێستامدا. سەرابێک لە گوڵەستێرە لەبەر چاومدا شەپۆڵدەدا. دەستەکانم لە خۆرا دەکەمەوە، وشەکان بە تەڕییەوە باڵەفڕێ دەکەن. من دەمەوێ باغچەیەکم لە وشەگەل هەبێ، تا دەستەکانم ئازاد بن. ڕەنگە ڕۆژێک بێت سێبووریم بەو باغچەیە بێتەوە. لەوێشدا ئامادەبوونەوەی چاوتروکانەکان خەنیم بکەن. لە دایکبوونەوەی چێژ، لە ئامادەیی چاوتروکانەکان دایە.

من لە غەریبیکردنی چیایەکدا، بە جەنگەکانەوە گەمارۆدراوم. ها ئەوە سپێدەیە. دەمەوێ پەنهانی سپێدە بناسم. ئەوها لەناو غەریبیکرندا دەخەوم.

تەمەنی گوڵەکان، لە چێژ کورترن. سەرتاپام جەنگە و بیر لە مردنی گوڵەکان و چێژی چاوتروکانەکان دەکەمەوە. هەستدەکەم غەریبی خۆم دەکەم. چیایەکان بانگم دەکەن. من ئەوهام کە غەریبی لەناو خۆمدا غەوارەیە.

دوای گەڕانەوە لە کوردستانەوە، سەفەر سپی دەبێتەوە. بێماڵیی لەناومدا سەفەر دەکا. چۆن چیایەکان کۆبکەمەوە؟ بیر لە ژیانی کولیکە نیسانێک دەکەمەوە کە وشکییەتی سۆرتری دەکرد. کولیکێک کە دەیویست وەک مەتەڵێک بیری لێبکەمەوە. کە بیرم لە بێبارانی کردەوە، گوڵە مێخەکێکم لەسەر گۆری دایکم چاند. تەنیایی دوای چەند رۆژێک سیسی کرد. ئەو مێخەکە بوو بە تەنیایی. تەنیایی لە بیرکردنەوەدایە؟ مێخەکێک خەیاڵم دەورووژێنێ. تەنیاییەک لە خەیاڵمدا دەڕوێ. جوانی مێخەک لە دڵمدایە. هەست بە نازی مێخەک دەکەم کە لە دڵمدا پەرشدەبێتەوە. مێخەک دەگەشێتەوە. دایکم سەیرم دەکا. زەوی رەنگینتر دەبێ. دوای ماندووبوونی گوڵەکان، رۆژانی غەریبیکردنم درێژتر دەبنەوە و مێخەکیش وشکدەبێتەوە. گوڵێکی تر جێگەی جێگەی گوڵێکی تر دەگرێتەوە؟ لێ گوڵێک-ژنێکی تر، جێگەی دایک ناگرێتەوە. ئەوها کە دایکم ماڵئاوایی کرد، بانگی هەقیقەتم کرد. تۆش لە بێوەڵامیدا، چیایەک، بێ ئەوەی بزانم، لەناو چۆڵاییەکی غەریبدا نیگەران دەکەی.

ئێرە: تاراوگەیە. ئەو بایە ژیر نابێتەوە و دەنگیشم بۆ کۆناکرێتەوە. تا من کۆتاییم نێت، ئەو بایەش کۆتایی نایێ. ئای هەڵەتی چیایەکان، من کە لە جەنگی ئێوە خۆش نابم! ئێوە، ئەی چیایەکان کە ئەو یادەوەرییە غەریبەم پێدەبەخشن. جەنگی چیایەکان، وەک بانگی ئایندە، هەراسانم دەکەن. ئاییندەش، وەک رابردوو، رامناکرێ. هەنووکە لە غەریبیکردنێکی چۆلدا، کات نابینرێ. کات وەک تنۆکە ئاوێک نابێتە هەڵم. کاتگرتن، خولیای چاوتروکانێکی تر: خولیایەکی غەمگینە. لە تشتێک دەگەڕێم نە دەستپێبکا و نە کۆتاییشی بێت. ئەوها دەخوازم کات دۆستی بە مێش- بوونی مرۆڤی ئەوێ نەبێ.

من ئەوهام، کە لە چیا دەدوێم: پەنجەرەکان دەکەمەوە و تامی شەرابیش لە هەواکەدا هەڵدەمژم. من خۆم دەناسمەوە: لەناو قووڵایی خۆمدا دەژیم. بەرەبەیان بە شەکەتییەوە بەرەو لام دێ، چونکە ئەمشەوم بە خەونی چیایەکان بەسەر برد. هەندێ جار بە سافیلکەییەک لە خۆم بیردەکەمەوە. ئەوها بۆیە بۆ تۆ دەنووسم. هەستدەکەم غەریبییەک دەمکوژێ: گفتوگۆیەک لە جەنگ وەک شەپۆل ئاراستەم دەکا.

من ئەوهام لە غەریبکردندا. واز لە زمان دەهێنم بۆ خۆی بنووسێ؛ پێی ناڵێم چی بنووسێ. دەمەوێ چاوتروکان بگرم، چونکە پڕ بە خۆمەوە لەناو تۆدا دەژیم. دیسانەوە پڕ بە هەستمەوە، هەست بە تۆ دەکەم. خۆم دەدەمە دەست سافیلکەییمەوە کە نەزانانە ژیانی پێ ناساندم. ئەوها سافیلکەیی دۆستە بێئاکارەکانی پێناساندم کە دۆستی خۆیان نەبوون. من بە مەرگ ئاشنا نیم، کە نەزانی مەرگم دوور دەخاتەوە. ناچاربوون بە بەردەوامی ئەو ژیانە، ئەرکێکی ئارەقرێژە. وەک ئەوەی بێیادەوەریی بیت، بۆ خۆم بژی. تا چیتر نەتلێمەوە، خۆم لە خۆم دوور بخەرەوە. چیتر ناتوانم غەم لە بێڕوویی جیهان بخۆم. خودایە لەوێ، لە کوردستانێکی بێچیا، مێش گەشە دەکا. چۆن هاوخەمی مرۆڤە غەمگینەکان بم؟ ئەوان لە ناومدا دەژین. منیش چیتر هێزی غەمخۆرییم نەماوە. نامەوێ هەموو تشتێک بزانم. خودی تەنیایی، خۆیەتی. من ئەوهام: تەنیا هەقیقەتی چیایەکانم هەیە. منێک لەسەر چیایەکی بەرزدا، غەمەکان بۆ بۆشایی دەگێڕمەوە. ئەوەیە هەقیقەتی من. هەقیقەتیش لە پەیڤ بەدەرە. هەقیقەت: ناگوترێ. ئەمڕۆ لەناو هەتاودا پیاسەم دەکرد، کەچی بە دوای تەنیایی خۆمەوە دەگەڕام. وەک گەڕانەوە بیر لە کۆتایی هاتنی هەتاو دەکەمەوە. تەنیایی، هانای کەسێکی گەرەک نییە. تەنیایی من تۆی گەرەکە، تۆش لێرە نیت. چیایەکان هێورن. لێ تەنێ لە رووخسارياندا هێورن. هێورییەک دەستپێدەکا، لێ کەمێکی تر پێشهاتێک دەستپێدەکا. ئێستا لە ناو تۆدام و چیتریش لێرەدا ئامادە نیم. تۆ کەسێکی لە من. گوتنی تشتەکان، وەک دووریی تۆ، لە گوتن بەدەرن. بێدەنگیی کە دیار ناکرێ، چۆن بێدەنگیی بێدەنگترە. بە چاوەکانی تەنیایی، چیایەک دەکێشمەوە. بێدەنگیی تەنیاییت بۆ بنووسمەوە؟ چاوتروکان دۆخێکە لە لە بیرکردنەوە. چاوترەکان مەراقی منە، چاوتروکان بەشێکە لە خەنیبوونی من. ئەوها کە بۆ تۆ دەنووسم، تا تامی رەنگت بچێژم. دەنووسم کە ناتوانم بتنووسمەوە. بۆنی چیایەکانت بۆ دەنووسمەوە. لە تەک تەنیاییەکەوە دەنووسم کە من داگیر دەکا.

من تۆ بە دەنگ نانووسمەوە؛ بە نووسین دەتکێشمەوە. چاوتروکانگەلێک لە بروسک بەسەر گەردنی چیایەکی تەنیاوە دەئاڵێن. منیش چاوتروکانە شەبەنگییەکانی تۆ رەشنووس دەکەم. کە بۆت دەنووسم، بۆنت لە هەناسەم هەڵدەستێ. ئاخۆ ئێستا روون دەدوێم؟ تێپەڕیوێک لەمدیو بەناوکردنەکاندا، جگەرەیەک دەکێشێ. دەمێکی تر دەست بە جەنگی چیایەکان دەکەمەوە. چیاک بە جەنگ دەنووسمەوە.

ئەوەتا لە بیرچوونەوە گەڕامەوە. بیر لە مامزەکانی قەرەچووغ دەکەمەوە. هەر ئێستا دوو مامز بە پێش ئەو ئەشکەفتەوە تێپەڕین کە لە جەنگێکی راستینەدا؛ لە

ڕۆژگاری پێشمەرگایەتییدا، ئاوی هەرکەوی بەر دەرگایەکەیم هەڵچۆڕیبوو. چیای قەرەچووغ ناخی پڕ گڕە و هاواری بابەگوڕگوور دەکا. بابەگوڕگوور مێژوویەکی تێنووە. قەرەچووغ لە خەمی بابەگوڕگووردا خەریکە گڕکان دەپۆشێ. قەرەچووغ، وەک غەریبی من، سەر بە هیچ هەرێمێک نییە. قەرەچووغ دەستێکی لەسەر دڵی کەرکوکە و دەستی چەپیشی بە جەنگی گەردەلوولی موسڵەوە سەرقاڵە. بیر لە دەستدانی تۆ بکەمەوە یان چڕکردنەوەی جەنگەکان؟

بایەک لە بناری "زوورگەزراو"وە ڕێژنەبارانێ لە ئامێز دەگرێ. "دەشتی هەولێر" بەرینتر بیر لە دووریی ئاسۆی کورد دەکاتەوە. دەشتی هەولێر وەک ئاییندەی کورد دیار نییە. لەوێ، لەبەردەم ئەشکەوتێکی سەر سنگی قەرەچووغدا وامدەزانی جیهان لە دەشتی هەولێردا کۆتایی دێت. ئاور لە تۆ دەدەمەوە، لە چاوەکانمەوە ڕۆژهەڵاتی کۆیێ بەناو بێدەنگییدا شەپۆڵدەدا. "بەستی شەرغە" لە دەستەکانی باواجییەوە ڕادەکا. جەنگێک لە چیایەکاندا لە پانتایی جەستەمدا دادەگیرسێ. چۆن هەورە گەمارۆدراوەکانی سەر چاوەکانی "دێدەوان" بکیشمەوە؟ هەڵدێرەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیێ نامناسنەوە. گوندەکانیش وەک ڕەفە کتێبێکی کۆن بۆنی یادەوەرییان لێدێ. تۆ کە دەمخوێنیتەوە پێم بڵێ: چاوتروکانێک لە بیرچوونەوەی چیا.

لە هیکرا شلەژانێک واملێدەکا واز لە نووسینەوەی لە دەستدانت بهێنم. وشەکان جەستەیین، تۆش لە ئاوابووندای. هەندێ جار هەستدەکەم چاوتروکان چەشنێکە لە خوداوەند؛ چیایش نائامادەییەکە لە ڕوح. من بە هانا هاتنی چیایەکم گەرەکە. دەبا جەنگەکان بملەرێننەوە. چیایەکان نزیک دەبنەوە. من لەناو وشەکاندا شەپۆڵدەدەم. چۆن هەبوون دەوروژێ؟ من نیگەرانم و بە دوای گومانێکەوە دەگەڕێم. ئەڤینێک لە ناومدایە، وێناچێ ئەڤیندارێکی هەبێ. جەنگ خەریکە دەگاتە ناو لێرەوارەکانی تەنیاییم. هەرچەندە چیایەکان ئەڤینی جەنگاوەرییان پێ بەخشیم، کەچی هێشتا نیگەرانیشم. ئەوها ئێستا لە یەکشەممەیەکی هەورپۆشدا، تەنێ چاوەڕوانی ناچاوەڕوانییەکم. چیایەکان بە چاوتروکانێک گەمارۆ دەدەم. جیهان لەناومدا کۆدەبێتەوە. دەنگم بەناو چاوتروکانە بێکۆتاییەکانەوە نقووم دەبێ. تۆش بێباکانە دەمخوێنیتەوە. وەک باڵدارێکی بریندار لەناو دەنگتەوە باڵەفڕێ دەکەم. دوای ئازادکردنی چیایەکانی دڵمەوە سەرهەڵدەگرم.

من تۆ بۆ ناخی مەرگ ئاوەڵا دەکەمەوە. کەواتە من هێشتا لە ژیاندام. لەناو ناخی هەستدا گیرۆدەم. لەناومدا بوون دەلەرێتەوە.

هەنووکە لە کولیکی نیسانێک دەدوێم، تۆش لە بیرکردنەوەمدا نامەکان بەجێدەهێڵیت. مێش هەنگوین دەبینی چۆن بە دوای شیلەی گوڵەکاندا دەگەڕێ؟ شانەکانی کولیکی نیسان شیرینترین زایەندەیەتی. تۆوەکانیشی زایەندەی گوڵەکانن. دەمی گوڵەکان هەمیشە کراوەن و مێش هەنگوینەکانیش هەمیشە سۆراغی دەکەن. مەیلی مێش هەنگوین بۆ شیلەی گوڵ، وەک مەراقی جەنگی منە بۆ چیایەکان. چیایەکان بە پێوەن، هەقیقەتیش هەبوونێکی ئامادەیە. زاوزێکردن لە جووتبوونی دوو جەستەی هەنگووینی دایە. فراژوان لە جووتبوونێکی دوو زایەندەی هەنگووینیدا دەستپێدەکا. مێش هەنگوین لە زایەندەی چیایەکان گەرای هەقیقەت دادەنێی. خودایە چیایەکان بە زەمەندێکی کەسک داپۆشە! خودایە بناری قەندیل پڕ بکە لە کولیکی نیسان، تا مێش هەنگوینەکان لەوێدا سۆراغی شیلەی جیهان بکەن. کورد لەوێدا ئامادەیی ریشئاژۆیە. "زەینەفۆن" بە دەست تێدامانی کێویەتی زاگرۆسییەکانەوە، مێژووی چیایەکانی نووسییەوە. ئەریستۆش لەو رۆژەوە بیری لە "ئاکاری چاکە و خراپەی" سروشت کردەوە. من لە جەنگی چیادام. چاکەی چاوتروکانەکانی تۆ لە رەچەڵەکی چیادایە؟ ئەوەتا چیایەک بە وشە دەکێشمەوە.

کولیکی نیسان گوڵێکە لە رەگەزی هەقیقەت. کولیکی نیسان بە شادییەکی شیلەییەوە، خاکە وشکەکەی سەر گۆڕی دایکم دەلاوێنێتەوە. بایەکی بێماڵ پەلکەکانی کولیکی نیسان بەرەو ماڵی تاراوگە هەڵدەگرێ. کولیکی نیسان بە چاکەی سروشتەکەیەوە، بەرەو خۆی دەچێتەوە. بۆنێک لە شیلەی هەنگووین و پەلکی کولیکە نیسانێ، بێدەنگی بێماڵیی ئاوەدان دەکاتەوە. کە ژیانە هەناسە دەکێشێ، جەستەت بۆنڕێژ دەبێ. ئەوها خۆم بۆ ژنێتیت ئاوەڵا دەکەم.

دایکم وەک مێخەکێک بە بناری"گردی پیرداود"وەوە دەدرەوشێتەوە. ئەوها مێخەک چیتر مێخەک نییە. مێخەک رەگەزێکە لە دایکم زارێ. "گردی پیرداود" تەنێ یەک مێخەکی هەیە: دایکم.

کولیکی نیسان رووی لە با دەکا و سێبووریی لێوە وشک و قلیشاوەکانی زەوی بە سێبەرەکەی دەداتەوە.

ئاوازی ئەو گۆرانییە بەناو چیایەکانی من قووڵدەبێتەوە. تۆش رامانت بەرەو ناوەوەی خۆتەوە رۆدەچێ. چوونە ناوەوەی خۆت، خۆشاردنەوە نییە لە خۆت؛ بێدەنگییە. تۆ دەخوازی بێدەنگ نهێنییەکانی خۆت راو بکەی. دەبێ مرۆڤ رووخساری نهێنییەکانی بناسێتەوە. نهێنی رووخساری خۆی هەیە. نهێنی نابینرێ تا نەگوترێ.

من کولیکی نیسـان تـەنیا لـە چیـا و سـەر گـۆڕی دایکـم دەبیـنم. تاکـە کـولیکێکی نیسان بە ئاسایی لە خەیاڵمدا ناژێ. ئەو تاکە کولیکە دەبێ دیمەنێکی ئاوەڵای هەبێ، تا بوونی هـەبێ. گوڵـە گەنمـەکانیش تـەنیا لـەناو کێڵگـەی گەنمـدا هـەن. گوڵە گەنمەکان لە جوانی خۆیاندا، وەک دایکم فرە شێوە و رەنگین دەنـوێنن. گوڵـە گەنمەکان دووعا بۆ هاتنی باران دەکەن. گوڵە گەنم هاورەچەڵەکی مرۆڤە. کولیکـە نیسـانێک تخـوبی خـۆی لەگـەڵ تـەبارە رەشـگوڵێک جیـا دەکاتـەوە. دایکـم بـەدیار کێڵگەی رەشـگوڵەکانەوە کەزیـیەکانی دەهۆنێتـەوە. ئەوکاتـە زەوی دڵـی بـە لێـدان دەکەوێ. من ئەوهام کە بیرهاتنەوەکان لـە بیرکردنـەوەم دەگـرمێنن. هەسـتدەکەم مەترسـی کـولیکی نیسـان لـە دڵمـدا سـۆرتر بـێ. کـولیکی نیسـان، بۆنێکـە لـە ماڵئـاوایی دایکـم. کـولیکی نیسـان بـە دیـار منداڵییمـەوە هەڵـدەوەرێ. مرۆڤـەکان لـەوێ بـە تەنیشــت مـن و کـولیکی نیســانەوە تێدەپـەڕن. منـداڵیی مـن لـەوێ وەستاوم. کولیکی نیسان هاورێی گوڵنـارە. شـەوانە یـەکتر لـە ئـامێز دەکـەن و بـە نەرمی رووناکی دەگۆڕنەوە. هەر ئێستا من بۆنی ماچی گوڵنـار و کـولیکی نیسـان نیشانبدەم؟ گوڵنـار ئەڤینـدارێکی شـەڕەنگێزە و بـە شـکۆوە لـەناو جیهـانی پاییزدا راوەسـتاوە. گوڵنـار وەک کارمـامز لـەناو شـەودا دەدروەشـێتەوە. کـازیوە لـە چـاوی گوڵنار رادەمێنێ. گوڵنار مەیلی لە جوانی زبرییە. گوڵنار وەک چیایـەکان هەڕەشـەم لێـدەکا. ئێـواران جـەنگی گوڵنـار دەسـتپێدەکا. ئـەو شـوێنە بـە چـاوی نـامۆیی لـە گوڵنارەوە لێم دەڕوانێ. ئەوەی ئێستا کە بۆ تۆی دەنووسـم، سروشـتی چیایەکانـە. نامەکانت هێشتا بـۆنی چیایـەکانی لێـدێ. منـیش بـۆنی جـەنگی لـە دەسـتدانی چیایەکان.

وابزانم گەرەکە تکا لـە چیایـەکان بکـەم کـە لـەم جـەنگی خۆشەویسـتییەدا بکـەم ماڵئاواییم لێبکەن. لێ دڵم نایەتـە رایـێ. ئەوکاتـە بەسـەرچوو کـە واز لـەو جەنگـە بێـنم. ئێسـتا مـن و جریـوەی چۆڵەکـەکانی بـەرە بـەیان بـە رووی یـەکترەوە هەڵدەکاڵێین.

دەبێ پێشوویەک بدەم. بە جگەرەکێشانێ ئەم جەنگی چیایانە رابگرم؟

بـە تـۆم گـوت، رۆژێـک دێ ئـەم جەنگـە روودەدات. ئـەوەتا وا لـەو شـەڕگەیەی یادەوەرییـدا تاکـە جـەنگاوەرێکم و لەگـەڵ چیایەکانـدا دەجـەنگم. ئـەوها تـا ئـەو خۆشـەویسـتییە لـە دەسـت دەچێـت لـە جەنگـدام. تکـام لـە خۆشـەویسـتی کـرد بمرێـت. ئـەرێ خۆشـەویسـتی دەمـرێ؟ دیسـان نـۆرەی پێشـوویەکی تـرە. کـە جەنگی چیایەکان کۆتایی هات، جەنگی ئـەڤینێکی تـر هەڵدەگیرسـێ. تـازە لـەناو قووڵایی دۆڵێکدا بێدار بوومەوە. دوای جـەنگ بـە دوای نامـە ونەکانمـەوە دەگـەڕێم. ئەو نامانەی کە ئەنفال ناچاری کردم لە ژێر رەوەزێکدا حەشـاریان بـدەم. نامـەکان،

جەنگی منن. من تەنیام و دەبێ بەو هەموو بەیادهاتنەوانە بجەنگم. جەنگی من لە دەست نەدانی خۆمە.

بێخەوی قەڵەمەکەم قووڵدەکاتەوە. من هەمیشە بێخەوم، چونکە هەمیشە لە جەنگی تۆدام: من پەرۆشی چیایەکانم. دەترسم چیایەکانیش وەک هاوڕێ و هاوشار و هاونیشتمان و هاوخەباتەکانم لە یادبچنەوە. ئێوارانی هاوین گوێ بۆ ئەو چۆلەکانە رادەگرم، کە نامەکانی چیام بۆ دەخوێننەوە. لەو درەختەی ئەوبەری ماڵەکەم دەڕوانم، کە بۆنی دارئەسپیندارەکانی "دۆڵی مەلەکان"م بە یاد دەهێنێتەوە. ئەوها بەر لە خەوتن دەبێ بە چاوی چیایەکانەوە، سەیری ئاسمانی ستۆکهۆلم بکەم کە هەمیشە سەرمایەتی. دەست بە روومەتی ئەو چڕگەگیایەوە دادەهێنم کە تامی قەوزەی بەر کانییەکەی بناری قەندیلی لێدێ. باران بەڕێوەیە و مانگی هاوینیش بە دەم تەنیاییەوە بەناو دەریاچەکانی ستۆکهۆلمەوە سۆراغی ماڵەکەی دەکا.

کە من لە هەستی خۆمدا ناپەیقم: من تەنێ هزری خۆم سەبارەت بە هاومرۆڤ و چیایەکان و درەختگەل بە گۆدەهێنم کە پەرۆشخۆریانم. ئەو جەنگی لە دەستنەدان و پەرۆشخۆرییانە، چەند دەکێشێ؟

رەنگە حەز بکەیت کە من بۆ پەرۆشی ئەو جەنگی چیایانەم. چونکە هەقیقەتێک لەوێدا رەگئاژۆیە. لەوێیە: جەنگی ئەرکەکان.

لە زارۆکایەتیم دەڕوانم کە بە دوای فەرەقەتێیەکی غەوارەوە غاردەدا. مەراقمە بزانم دوای هاوین قەتێیەکان بۆ کوێ سەفەر دەکەن. قەتێیەکان بە بێدەنگی بەناو ئاسمانی دەشتی هەولێرەوە هەڵدەفڕین. ئێستا قەتێیەکان لەناو نادیاردیی دەشتی یادەوەرییمدا ئاوا دەبن. بینینی قەتێیەکان لە ئاسمانی دەشتی هەولێردا مەحاڵ بوو. قەتێ و کەو، بوونێکی ناوێزەن. بوونی ئەوان تەنێ بە خۆیان دەچن.

کە جەنگی چیایەکان کۆتایی هات، جەنگی ئەڤینێکی تر دەسپێدەکا. تازە لەناو قووڵایی دۆڵێکدا بێداربوومەوە. بە دوای ئەو نامەکانی تۆوە دەگەڕێم کە لە رۆژگاری "ئەنفال"دا، لەناو رەوەزێکدا حەشارمدان. فەرامۆشی نامەکانت "ئەنفال" دەکا؟ نامەکانت، دوا جەنگی منن. من تەنیام و دەبێ لەناو ئەو هەموو بەیادهاتنەوەیەدا بجەنگم. کاتێک چاوتروکانت لە دەست دەچێ, چۆن خۆم لە دەست نەدەم؟

کە من لە هەستی خۆمدا ناپەیقم: من تەنێ هزری سەبارەت بە هاومرۆڤ و جەنگی چیایەکان بە گۆدەهێنم. ئەو جەنگی لە دەست نەدانە و پەرۆشییە، چەند

دەکێشــێ؟ بــە چــاوی دڵمــەوە ئــەو ماڵانــە دەلاوێنمــەوە کــە لەســەر ســنگی "قەندیل"دا بێ چرا ئاوەدانی بەخێو دەکەن. کــەوەکان بــە دەم جــەنگی منــەوە، لــە ژێر پێســتمدا باڵــەفڕێ دەکــەن. هــەنووکــە تــۆ لــە پــەرۆشــی جیهــان و ئــەو جــەنگی چیایانەدا دەپرسی، منداڵییم لە پێشمدا رادەکا. کــاتێ منــداڵبووم لــەناو شــەوێکی ئەنگووستەچاودا بە دوای گوڵئەستێرەدا غارمدەدا. من ئەوهام، بــە دەم جەنگــەوە تــەنێ گوڵئەســتێرەیەک لــە چاوتروکــانی تــۆ دڵــم دایــە. گوڵئەســتێرە هەمیشــە لــە جــەنگی شــەو دایــە. گوڵئەســتێرە لــە مــاڵێکی تــەنیادا دەدرەوشــێتەوە. شــەویش دەستی لەسەر رووەتی تاراوگەدا سڕبووە. هێشتا خۆم بە جــەنگێکی تــر ئامــادە نەکردووە. خەریکە پەرۆشیم بۆ چیانشینەکان، ئەو جەنگەم لە بیر دەباتــەوە. ئــەوها خۆم بۆ ئەو جەنگە لاسەنگە تەرخاندەکەم کــە لــەناو دەنگمــدا دەجمــێ. لەبــەردەم وەرزێکــی خاکەســاردام و گەرەکــە گوڵئەســتێرەی ئــەم دڵــە تاریکــەش ئــازاد بکــەم. هەست لە خۆم دەپرم و گوێ لە زەوی دەگرم. ئــەم وەرزە خێــرا رێــدەکا. لــە هیکــڕا چیایەکان بەدیار دەکەون. زەویش شەپۆڵدەدا.

هەنووکە باران دەبارێ و درەختەکان بۆندەگرن. باڵندەیەک بەسەر چیایــەکی بــەرزدا باڵــەکانی دەکاتــەوە و بێجولــە لــە مــن دەڕوانــێ. کانییــەک دەتەقێتــەوە. تــەنیایی بەردەکان دەبینی؟ لە چاوەکانی ئەو چرەگیایەدا ورد دەبمــەوە کــە وەک مــەمکێکی رووت پێدەکەنێ. چاوتروکانی تۆ دەنووسمەوە. هاوینیش بــە چاوەکــانی هــەتاوەوە، خۆی جەغدەکاتەوە. تۆ هەستدەکەی کە تەنیاییەک لە مندا لە دایک دەبێ؟

هــەبوون، ســەفەرێکە لــە تلانــەوە. هــەبوون پەلهاوێژانــە بــەرەو چیایــەکان. مــن لــە سەفەرم. هەناسەبڕکێی من دەبیسی؟ هەوا قووڕس دەبێ و بایەکــەش رەگــەزی خــۆی نمایشــدەکا. لــە نووســینەوەی تــۆدا، زۆر لــە خــۆم ناکــەم. مــن لەســەر ئــەو جــەنگی چیایــەدا زۆرم بــۆ نووســی. ئــەوەتا چیایــەکان لــە ژێــر پێســتمدا هەناســە دەکێشن. هەناســەدان دەرفەتێکــە بــۆ مانــەوەی ژیــان. تــا هەناســەدانیش هــەبێ، جەنگی من لەگەڵ چیایەکاندا گەرمتر دەبــێ. مــن دەم دەنێمــە نــاو دەمــی "کــانی تەلانە". چیای هەورێش لە ژێــر تۆپەکانــدا، بــە هەناســەیەک ژیــان بێــدار دەکاتــەوە. ئای جیهان چەند جەنگەڵە! کەچی ژیــان خۆشــی کەشــخە دەنــوێنێ. نــازانم دوای ئەم جەنگە، چیت بۆ دەنووسم. دێڕێک دەنووسمەوە و رامانێکی تر لە یادە دەکــەم. لێ تشتێک هەیە کە قەت ناگوترێت: هەقیقەت. تۆش ئەگەر هەقیقەت دەناســی، وەرە بەر دەمــم و بــە گــۆی بهێنــە. منــیش بــە رووخســارێکی پــڕ لــە پەشــیمانییەوە گوێت بۆ دەگرم،

کتــوپڕ دێیتــەوە پــێش چــاوم و وەک گێژەنێکــی زراف تێدەپــەڕێ. بــە دەرکەوتنــەوەت هەدادان دەبم. لێ تۆ چیتر هی من نیت. مــن ئــەوها دەتبیــنم کــە وەک جــاران بــە

دوای پەپوولەیەک غاردەدەیت، تا لە رۆژی لە دایکبوونمدا، کە نیمە، لەگەڵ نامەیەکی پیرۆزباییدا بمدەیتێ. ئەوکاتە کاتە من منداڵییم بە چیایەکان دەبەخشم. ئەرێ چیایەکان بە نامە پڕ لە پەپوولەکانییەوە، ئاشتدەبنەوە؟ من وەڵامێکم نییە؛ تەنێ لە تۆ رادەمێنم. بیرهاتنەوەکان لێمدەڕوانن و چاوتروکانەکانی تۆش بە نازەوە دەبزوێن. تۆ کە بە شەنگی خۆت دەنازیی و دەشزانی قەت نابیت بە هی من. ئەوەتا وەک گوڵنارێک لە نێوان رانی چیایەکدا دەگەشێتەوە.

هەنووکە بە شەقامەکانەوە دەڕۆم و چیای یادەوەریی دەدوێنم. لەو تیشکانەی هاوین مەسترم کە بەسەر سنگی ژنە رووتەکانەوە دەتریقێنەوە. تۆ هی من نیت. بۆیە من لە بەیادهاتنەوەت ناگەم. مەیلی ژیان: پەنامەکی مەیلی ژیان ئاشکرا بکەم؟ ئەو مەیلە گەرەکە پەنهان بێت، تا لە پەنهانیدا بدرەوشێتەوە.

بێدەنگ دەبم.

هەرچەندە نازانم کە پەنهانی من چییە.

تۆ کە لە نهێنی من دەگەڕێی، پەنهانی خۆم بۆ ئاوەڵا بکەوە و فێری نهێنی بوونی خۆم و خۆتم بکە. ئەو نهێنییە هونەرێک نییە لە هەبووندا. نهێنی تەنێ نهێنییە.

نهێنی دەمڕاستی هیچ ناکات. هەستدەکەم دەبێ لەو رەیحانە بخوازم کە لەبەر خاتی من کەمێک زیندوو بێتەوە. بمبوورە ئەی رەیحانەی ژوورە تژی لە پەنهانییەکانی تەنیایی. تۆ لە دووری کانییەکاندا زیندوو نابییەوە.

حەز دەکەم تۆ نەمری، تا کانییەکانم لە بیر نەچنەوە. خەریکە هەقیقەت بۆ منداڵیی خۆم دەهۆنمەوە. ئەوە چییە لەناو مندا ئاوا دەبێ؟ بۆ پێستم سڕبووە؟ من خەون بە سەرهاتێک دەبینم کە پێش نایێت.

ئەوەی کە بۆت دەنووسم، تەنێ خۆئامادەکردنە بۆ جەنگی چیایەکان. دووکەڵ بەسەر هەنییەی چیایەکانەوەیە. بایەکە لەناو پێستمەوە هەڵدەکا. ئێستا خەریکە سەرم سووردەخوا. ساتێ لە ترس دەڕوانم. ئاخۆ لەو جەنگی چیایانەدا رزگار دەبم؟ دەزانی ئەوە چییە کە بۆت دەنووسمەوە؟ هەرچەند بۆت دەنووسم، هێندەی تر تەنیاتر دەبم. من چیتر لە تەنیایی ناترسم. تا نووسین هەبێت، تەنیایی دەبێت. تەنیایی لە دەستدانی جەنگی چیایەکانە. من بەرەو ئەمدیوی هزرین دەبزوێم. تەنیایی من لەمدیو بیرکردنەوەیە.

من کە هەمیشە بۆت دەنووسم، تا هەمیشە بە دوای خۆم رێبکەم. من دەڕۆم بە دوای خۆمەوە، بەبێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێ دەڕۆم، دەمنادەمێ نازانم چۆن بە

دوای خۆمەوە بڕۆم. هەر ئێستا هەستدەکەم نامەوێ بە دوای خۆمەوە بڕۆم. دیسان سەرگێژ دەبم. دەمەوێ تشتێک بێژم، وەلێ دوای ئەوەی هێور دەبمەوە؟

ئەها سەرگێژی بەجێیهێشتم! چاوتروکانی تۆ هاوئاهەنگی منە. ئەم هەموو گۆرانییە، یەکشەممە بەڕێناکەن. یەکشەممە هێشتا بەسەر پەنجەرە و کۆڵانەکانی گەڕەک کەڵەکە دەبێ. یەکشەممە بێگەوهەرە. ئەوەی کە بە تۆی دەڵێم، لە دڵمەوەیە. من لە یەکشەممەیەکی زۆر تەنیادا، بێماڵیی دەنووسمەوە، بەناو خۆمەوە رۆدەچم. کتوپڕ بە ئازاری لە دایکبوونەوە، بێدار دەبمەوە. هەستدەکەم هەواش هەناسە ناکێشێ. هەوا لە دایک دەبێتەوە؟ من ئەو هەموو یەکشەممە لە کات داپراو و دۆراوانە لە یاد ناکەم.

هەنووکە دڵم لە مدیوی سینگمدا دەتریوێنێ. شوێنپێی بیرکردنەوەکان لەسەر بووندا مەحف نابنەوە. لەم جەنگی چیایەدا دڵم تووندتر لێدەدا. وەلێ من دوای نووسینەوەی هەر چاوتروکانێک، جارێکی تر لە دایکدەبمەوە. تۆ وێنەیەکی لە من و منیش وێنەیەکم لە چاوتروکانی تۆ: جەنگی من لەو مەودایە دایە.

من لەناو مەرگی تۆدا دەمرم. بە مەستییەک لە روح بۆ تۆ دەدوێم. من ئەوهام کە لە چاوەڕوانی چیایەکاندام. چاوەڕوانی ئاراستەی بیرکردنەوەیە بەرەو داهاتوو. رۆژانێک چاوەڕواببووی پێت بڵێم: خۆشمدەوێی. دەخوازم تۆ بڕوا بەوە بێنی تا بۆ داهاتوو بژیت.

چۆلەکەیەک بە تەنیا گۆرانی دەڵێ و پەروانەیەکیش لەناو دەستمدا گیانەڵایەتی. ئەم رۆژەم بۆ خامۆش ناکرێ. تا چرایەکت بۆ داگیرسێنم، ئەی پەروانەی داهاتوو! مێشگەلی ئەوێ؛ چۆن مرۆڤگەل لەوێ وەک مێش زاو و زێدەکەن؟ یەکشەممە دیسان گەمارۆم دەدا. هەموو چرایەکانی ناو ماڵەکەم دادەگیرسێنم، وەک ئەوەی خۆم بم، لە دەرەوەی ئەو رۆژگارە لە ئاراستە مێشگرە دەڕۆم. خۆم دەخزێنمە ناو گێژەنی بایەک تا ئازاد بم. بە دیمەنی ئەو مێشگەلەوە هێڵنجم دێت و ناشتوانم واز لەم ژیانە بهێنم. دانیشتوومە و لە خۆم دەهزرم. بیر لەوە دەکەمەوە، ئەوە کێیە لەناو مندا خۆی لە بیرکردنەوە دەبینێتەوە؟ گشت ئەوەی کە بۆ تۆی دەنووسم، جەنگی لە دەستنەدانی خۆمە.

من کێم کە دەبێ بهزرم؟

جوولە و چێژی لاملی کە لە کۆچ و سەرگەردانیمدا هەڵقووڵاون. ژیانی من ئاماژەیەکە لە فرچکگرتن بە شۆرشی جوولە. ئاوەدانییەک لە تەنیایی، شۆرشی ئێستاتە. دیوەکانی ژیان لە وەرزگەل دەچن. هەر ئێستا بە دەم ئەو جەنگی

چیایانەوە شەو لە خۆی هەڵدەگەڕێنمەوە. ئاخۆ ئەوە دیوێکی ژیان نییە؟ ژیانێک هەیە کە وەک تارماییەک بە دەم باوە تلدەبێتەوە: ژیان تارماییەکی سەرگێژە و خەون بە ئاسۆیەکی ئاوەڵاوە دەبینێ. من لە جەنگی نەپراوەی چیایەکانمدا دەژیم.

ئێمە لە ژیاندا ئازاد نین، تەنیا چیایەکان نەبێ. بەرەو چیایەکانم، بە رووی خۆم و ئازادی خۆم دەجەنگم. ئازادبوون جەنگێکی بێکۆتاییە. من هەرگیز ناتوانم ئازادی ئەو ژیانە شلەژاوە فەرامۆشبکەم؛ ئازادی گەرەکە هەمیشە ئامادەیی هەبێ.

ژیان: بەیاد هێنانەوەی ئەو ژیانەیە کە تێیدا نەژیاوین. چەند سەیرە کە من چیتر نەزانم لەچی دەپەیقم! لە جەنگێک دام بە بێ ئەوەی کەسێک لەگەڵمدا بێت. ئەو ژیانە چەماوە دەبینی؟ من بە ئاگام لەوەی کە هەموو تشتەکان بە خێرایی تێدەپەڕن. بوونەوەرگەل لەو ژیانە چەماوەدا تێدەگەن و بە یەکتر ناگەن. پەیقین لەو ژیانەدا بێمانایە. وەلێ لەم پێنەگەیشتنەی بوونەوەرگەلدا، رووخسارم بە رووی رووخساری چیایەکانەوە وەستاوە. لە چاوتروکانی تۆ دەڕوانم، وەک ئەوەی لەگەڵ ژیاندا بەیەک بگەینەوە.

هەنووکە هاوار دەکەم و تۆش ناچار دەکەم بمبیسی. من لە جەنگ دام و ژیانکیشم هەمیشە لە یادە. ژیانێکم لە یادە کە خامۆش نابێتەوە. لە بنمیچی ئەشکەوتێکی "خواکورک"دا تنۆکەکان بەناو تاریکی ژیانەوە دەتکێنەوە؛ لەو تاریکییەدا کولیکە سۆرە لێکئاڵاوەکان وەک باغچەیەکی ئەفسووناوی دەدرەوشێنەوە. من ئەو بوونەوەرە جەنگاوەرەم: لە جەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر، چیایەکان دەکێشمەوە. ئەوها هەستدەکەم لەناو ئەم تاریکییەدا تۆ لە دەستنادەم. وابزانم، جەنگ رەچەڵەکی منە. من لە دەرەوەی چاکەم. خۆم گەمارۆ دەدەم و رێگەی سەمەندەر دەگرمە بەر. وەک قوربانییەک خۆم بە دەست مەرگەوە دەدەم. ئەوها چیایەکان تیشکڕێژ دەکەم.

لەو ساتانەدا من هیچی تر نازانم، تەنیا لە بەرزەفتکردنی ئەو هەموو پیشهاتانە نەبێ کە ئێستا پێشدێن. ئەو ئەسپی ئازادییە ئازاد دەکەم تا بە سرکی بەناو ئەو جەنگەوە غاربدا. منیش بە هەموو هێزمەوە دەجەنگم تا تخووبەکانی ژیان دەبەزێنم. کە هەتاو ئاوابوو، منیش نادیارتر دەبم. ئەوەتا چاوەڕوانی بەرەبەیانییەکی تژی لە قاسپەی کەوم.

من ئەوهام، دەمەوێ هەموو سەرهاتەکانم بنووسمەوە. دەبێ ئەمڕۆ بە جەنگەکانمەوە تاراوگە دەریاچەکانی تاراوگە بلەرێنمەوە. لەمدیو یادەکاندا بە

دۆخێک دەگەم، کە لە خۆم دایە. من نامەوێ ئەو دۆخە بەسەر وشەکانەوە دابەشبکەم. ئەمەیە پەنهانی من:

دەزانم لەو چرکەساتەدا نیگەرانم کە نەتوانم هزرکردنەوەکانم بە گۆ بهێنم. دەترسم بە هیچ سەرهاتێک سەرسام نەبم. دۆخێک لەو چرکەساتەی کە چیتر نەتوانم ئەو پەیقگەلە بەکار بهێنم کە لە هزرکردنەوەدا بەر دەگرن. وەستانی وشە، لە دەستدانی خودە. ئاخۆ مەرگی وشە، مەرگی بوون نییە؟ نەمانی وشە لە دەستدانی خودە لەناو ئەو جەنگی چیایانەدا.

دۆرانی وشە، لە دەستدانی ناسنامەی ئەو چیایانەیە کە لەناومدا شەپۆڵدەدەن. من بە وشەوە قووڵایی ئەو جەنگی چیا و جیهانە بە دیار دەخەم. رەچەڵەکی من لەو تاریکییە ترووسکاوەدا رەگئاژۆیە. ئەوها هەستدەکەم جارێکی تر لەسەر کانییەکی بنار چیایەکدا دەتبینمەوە. بێ ئەوەی بزانی، هەمیشە بە تەنیا لەگەڵ تۆدام و ئێستاش تێدەگەم: دەزانم تەنیام. من و تەنیاییم، ئازادین. من ئەمەکدارم بەرانبەر تەنیایی خۆم، تەنیام و گەرەکە لەگەڵ رووناکی ناوەوەمدا بژیم کە هەندێ جار دەبێتە تلانەوە. تلانەوەش شەوقدانەوەی بێدەنگییە.

ناوی تۆ ئاشکرا ناکەم. دەبێ نادیارییەکانم بشارمەوە تا بژیم. سەرنجکێشی ژیان لە نهێنییەکانی دایە. ئایا هەموو کەسێک چاوتروکانی لە دەستداوە؟ ئێوە لە چاوتروکان و جەنگی چیایەکان تێدەگەن؟ ئەوها لەم نهێنیانەدا دەژیم. نهێنییەکانی من بە تەنیا لەناو وشەکان دایە. هەموو جوانییە تایبەتییەکانی من لەناو چنینەوەی وشەکان دایە. بێدەنگی پەلدەهاوێژێ. جەنگی وشەکان، چاوی ناوەکیین. کە وشەکان بێدەنگ دەبن، هەستدەکەم ئەم ژیانە تشتێکی تر بێت.

دوای ئەم جەنگە، ژیان بەردەوام دەبێ؟ وەلێ من هەنووکە هەم! من جوولەدارانە بۆ تۆ دەنووسم. ئەوە منم زمان دەبزوێنم. ئەوهایە ژیانی من. ئێستا بیر لە مامزە گەمارۆدراوەکانی چیا دەکەمەوە. جەنگی چیا، ئاشنا بوونە بە مەحاڵی. نووسینەوەی چاوتروکانی تۆش، نزیکبوونەوەیە لە مەحاڵی.

سەرکەوتنەکانی من دیارن؟ من لە قووڵاییدا، پەرتەوازەیی دەنوێنم. بە دەم جەنگەوە ئاماژەکان ئاپۆرە دەکەم و تێدەپەڕم. گەرەکە ئەو مێژووە بیت. من ترسم نییە لە دۆرانی ئەم جەنگە. دۆران خەمی من نییە؛ دەمەوێ جوولە و نهێنییەکانی ژیان لە دەست نەدەم. دەبا گوڵئەستێرەکان چێژ لە تەنیایی بزواوی من بچێژن. ئەوەی من دەبوو بینووسمەوە، مێژوویەکە لە چاوتروکان. من لەمدیو پەنجەرەی شەمەندەفەرێکی تیژڕۆدا، چاوتروکانی تۆ دەچنمەوە.

دوای ئەو هەموو جەنگە من چیتر تۆ نابینمەوە. تۆش ئەوەی کە دەینووسم و هەرگیزیش نایخوێنمەوە. کاتێ پەنهانی بوونی خۆم نووسییەوە، وەک نامە حەشاردراوەکان، لەسەر چیاکدا پەڕ پەڕت دەکەم. من بۆ تۆ دەنووسم، چونکە تۆ ئامادەییت نییە. کاتێ هەموو چاوتروکانی تۆم بەرزەفت کرد، بەرەو عەدەمی خۆم دەگەڕێمەوە. ناچارم ئازار بچێژم. کەسێک لە ئێستایەکی دڕدۆنگدا، گەرەکە هەمیشە رابردوویەکی بزواوی هەبێ. من دەبێ ئەو باجە بدەم؟ کە بیر لە ئەزموونی ژیانم دەکەمەوە، هەستدەکەم جەستەگەلێک لە من بەسەر چیایەکانەوە سەردەکەون. کۆی من هەموو دەمێ بەڕێوەیە.

هەنووکە کات بەرەو بەیانی رادەکا. ئەها سەعاتەکە بانگم دەکا: کاتی رۆشتنت بۆ ئیش هاتووە. تیشکە ساردەکانی گزینگ لەناو تاریکییدا لە دایک دەبن و بەسەر جەستەی کاتەوە هەڵدەزنێن. منیش کە هەمیشە لەناو تەمتومانی چیادا لە دایک دەبمەوە. تۆ دەزانی، من لەوە باشتر ئەو جەنگ و چاوتروکانە بە جێماوانە نانووسمەوە. ئەوەی کە لێرە و لەوێدا روودەدەن دەنووسمەوە. ئەو چیایانەی کە هەمیشە لێرە ئامادەن، دەنووسمەوە. ئەوەیە جەنگی من. نیگەرانێک نیشمەنە لە هەدادانیدا. تەنیایی لەناو دەمارەکانمدا دەدرەوشێتەوە. هەرێمی جەستەشم پرە لە گوڵئەستێرە. نیازم نییە خودی خۆم پوختبکەمەوە، من دوو هاوکێشەی یەکسان بە ژمارەیەک نیم. شیعری من، پریاری ئێوەی گەرەک نییە، من خۆم سەرداری خۆمم. من ئەوهام: عەشقێکی چیایی و جەنگاوەرێکی مەست. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و جەنگی خۆم دەستپێدەکەمەوە. ئایا ماخولیای من ئەوەیە کە بژیم و تۆ بژێنمەوە؟ ئاخۆ دەشێ بە گلاندنی مەرگ، لەمپەرێک بۆ ژیان بسازێنم.

کە بۆت دەنووسمەوە، ئازارەکانم دەمکوت دەکەم و شادییە شلەژاوەکانیشم بە تۆ دەبەخشم. لەم چرکەساتەدا سەیری ترۆپکە بەرزەکانی ناو ئەو مەودایانە دەکەم کە چۆڵەوانی جیهانیان تەنیوەتەوە. نیگایە ماندووەکانم لە خۆم جیادەبنەوە، ئەوها خۆم دەبم بە لووتکەیەکی تەمگرتوو. منێک کە هەردەم لە خۆم دابڕاوم. چێژ لە بۆشاییە بەرجەستەکراوەدا وەردەگرم کە لێرەدا ئامادەیە. خەوێکی خەست، غەمگینم خاو دەکاتەوە. بێدەنگ دەبم. ئەو واقیعە بزۆکە بەرزەفت ناکرێ. دەکرێ ئەو واقیعە بە خەو بەرزەفت بکەم؟ دەبێ ئەو واقیعە ساز بکەم کە ناسازێ.

ئاخۆ لەو جەنگی چیایانەدا، لەناو جەرگەی مەرگدام؟ من لە پێناو مەرگدا دەژیم؟ بەرەو سەمتێکی هەستدار دەڕۆم، هەبوونێک لەناومدا دەلەرێتەوە: هێشتا دەژیم. من لە بناری شاخێکم کە لە دێرزەمانەوە مرۆڤ دەناسێ. بایەکی شەکەت لە زەمەندەکانی باکوورەوە هەڵیکردووە و هەڕەشە لە هاوین دەکا.

ئێستا من بە ئازادییەکی دوور لە نیگەرانی رۆژگارەوە، لە گفتوگۆ و هات و چوونێکی بێکۆتایی دام. لە هەورزا و نێشێوییەکانی چیادا دەجەنگم. تەنیا خۆمم کە ئەو قەدەرە تاقیدەکەمەوە: ئاخۆ من ئەو پاڵەوانەم کە دەبێ بوونی- مەحاڵی کورد داگیربکەم؟ ئەی ویستە شاراوەکانی بوون، بەهانام وەرن! چما ئەو دژوارییە ژانهێنەرانە بانگم دەکەن؟ دەمەوێ بەم جەنگە وەرچەرخێنەرەوە ژیان بەو چیانە ببەخشم. تۆش کە لە هەرێمێکی نادیارییت، هەوڵبدە لەوەی کە دەینووسم تێبگەیت. من بە دوای چاوتروکانێم کە بە چاوی یادەوەرییەوە رابردوو ببینێ. چاوتروکان کتوپڕییەکە کە واملێدەکا هەناسەم بوەستێ. چاوتروکان لە خۆیدا، کتوپڕییە. من لە نێوان چاوتروکانەکاندا لە "جست و جوو" دامە.

بە رێگارییەکی تەمگرتووەوە بەرەو چیایەکان دێم. دەروازەکانت دەکەمەوە و دەست بە جەنگێکی نوێ دەکەم. دەست بەسەر شووراکان بە پاسەوانەکانیانەوە دادەگرم، ئەوەتا بە خۆم و دەستەکانمەوە لە گەمارۆدانی چیایەکانەوە دەڕوانین. دوا جەنگی من دەروازەی دۆڵێکی داخراوە. مێژووی ئێمە لەوێدا عاسێیە.

بەناو تووناوتوونی چیایەکانەوە رادەکەم و گۆرانییەک بۆ سێبەر دەچڕم. دەجەنگم تا لەسەر ئەو سێبەرانەدا بدوێم. سێبەر چییە؟ سێبەر، وشەیەک نییە؛ سێبەر تەنێ سێبەرە. لە سێبەرێکدا سەدان سێبەر هەیە. جیهان پڕە لە سێبەر. هیچ کەسێ سێبەری نەسازاندووە؛ سێبەر خۆی سەریهەڵداوە. لەناو سێبەردام و سێبەریش لەناومدا دەترووسکێتەوە. سێبەر بەناو یەکترەوە ئاوێنە دەبێتەوە.

تارماییەک بۆ ناو بۆشاییەکەوە پەلکێشم دەکا. رادەکەم و تنۆک تنۆک سێبەرم لێدەچۆڕێتەوە. پشوویەک دەدەم و ناخم دەبێت بە هەرێمێک لە بێدەنگیی. لە ژێر کەڵەکەبوونی ئەو هەموو بێدەنگییەدا چیتر تاقەتی قسەکردنم نییە. سێبەر ئەو پانتاییە لە چڕێتییە کە لەناو خۆیدا تا بێکۆتاییەک درێژدەبێتەوە: سێبەر چڕترین پانتاییە لە چیایەکاندا. سێبەر وەک چیا بێدەنگە.

سێبەر شێوەیەکە لە قووڵایی.

هەنوولە لەناو گەوەڕ و هەڵەتی چیایەکانم و بارانیش بەسەر سێبەرەکانمەوە دەبارێ. سێبەر گەوهەرێکە لە سروشت. لە سێبەردا رامان، بینین بیرکردنەوەیە لە قووڵایی. ئەوەی لە سێبەردا رابمێنێ دەبێ بە بچێتە ناو راڕەوی تەنیاییەوە. سێبەر لە گەوهەری خۆیدا هەستدارە و تەنیا لە بێدەنگییدا بیردەکاتەوە. گەرەکە لە تەنیاییدا سێبەر بخوێنمەوە؟

دەمەوێ سێبەر بکێشمەوە، تا ڕۆبچمە ناو خۆمەوە. بە نائامادەبوونێ لە خۆم، شوێنپێیەک لەسەر سێبەردا جێدەهێڵم. مرۆڤ بە دەست ترسەوە خۆی خزاندۆتە ناو سێبەرەوە. سێبەرێک دەنووسمەوە و دەست بە جەنگی لە دەستدانی چاوتروکانی تۆ دەکەمەوە. چاوتروکان لەسەر جەستەی سێبەردا دەنەخشێنم. ئەوها ساتە سەختەکانی هەقیقەت بەرزەفتدەکەم. دەبێ ئەو بێدەنگییە بێرەنگە بلەرێنمەوە کە لەناومدا پەلدەهاوێژێ. من سێبەر نانووسمەوە، خۆم سێبەر بووم. سێبەر لە خۆیدا سێبەرە، بێ ئەوەی پێویستی بە خۆ دەرخستن هەبێت.

گەرەکە هەناسەیەک بکێشم. لە بری شەڕکردن، لەو چیایانە دەدوێم کە لەناومدان. هەموو ئەوانەی کە بەرزەفت ناکرێن، لەناو چیایەکاندان. مەرگی منیش لەناو چیایەکاندایە. خودی مەرگیش چیایە. ئەوەتا ژیانێکیش لەناو چیایەکاندایە. هەنووکە چیایەکان لەناومدا هەڵدەلەرزن ومنیش لەو هەموو لەرزینە دەترسم. لەو هەموو چاوتروکانە لە سێبەر بەدەرانەش دەهەریم کە گەمارۆیان داوم. ئەی چیایەکان، دەخوازم ئێوە تا ئەبەد لە هەقیقەتدا بژین. خەونێکی خەوندار بەناو دەمارەکانمەوە لە بینیندایە. چیایەکان هەمیشە سەربەخۆ دەژین. چاوتروکانیش دروەشانەوەیەکە لە چیایەکان. چیا بەبێ رووخسەت وەرگرتن دەنجەنگێ. خۆم لە ژێر باری ئەو هەموو غەمی دوورییەدا ئازاد دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای سروشتی خۆم.

من غەریبی ئەو هەنارە دەکەم کە دایکم لە پاییزێکی سروشتیدا، یادەوەریی پێ فرچکدەدام. ئاخۆ چیا تەنیا پەیڤێکە؟ پەیڤ ئاماژە بە تشتێک دەکا و تشتێکیش خۆی لە من کێویی دەکا. هەر یەک لە چیایەکان هێمایەکن و ئاشنایەتیان بە هێماکانی ترەوە هەیە. هەموو هێماکانیش پێکەوە ئەزموونێکن لە مێژوویەکی هەژەند.

ئێمەین کە بە گومانەوە دەکۆشێن ناسنامەیەک بۆ خۆمان بسازێنین و ئەو ناسنامەیەش جەغتکەینەوە. ئێمە بە هێماکانەوە یەکتر دەناسینەوە؛ هێماکان خۆیان ئەزموونی چیایەکانن. لێ بۆ ئێمە هیچ هێمایەکمان بۆ هەقیقەتی خۆمان نییە؟

ئەوها بێئامانەوە بۆ تۆ دەنووسم و لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ من جەنگاوەرێکی هەقیقەتم؟ ئای کە ناتوانم ئەوەی بۆ تۆ دەنووسم بە گۆرانی بیچڕم! رەنگە گەرەک بێ شێوەی سادەییەک بگرمە بەر؟ من لەو سادەییە بەدەرم. بە هەموو چریمەوە چیایەکان بەرزدەکەمەوە. ئەو گۆرانییە گەرمە دەکوژێنمەوە و دەچمە ناو

سێبەرەکەمەوە. لەوێ جەنگەکان دەقەومێن. دەمێکیش بەناو ئەو پەنگدەدەمەوە کە هەتاو هەرگیز وازیان لێناهێنێ.

مێژووی من جوولەگەلێکە لە سێبەر. مێژووی من کانییەکە لە پەرۆشییەکی فەرامۆشکراو. من بۆنێکم لە کەڤرێکی هەڵکەنکراو. هەموو ئەمانە لە دەرەوەی چرپیەتی ئەم جەنگەدا نین. ئەو مێژووە وێنەیەکە لە نەگوتراوی. کاتێ ئەو نەگوتراوە دەنووسمەوە، سێبەرم دەزرێکێنێ. سێبەر تەنێ بریتییە لە خۆی: سێبەر ناگوترێ.

دەزانم تۆش حەز دەکەی لەگەڵ سێبەردا ئاشنا بیت. رۆژێک دێ وەک خەونێکی لاڵ دەڕژێیتە ناو سێبەرمەوە. ئەوکات دەڵێی: ئەها خەونم بە تۆوە بینی، چیترت لە من دەوێ؟ رەنگە ئەوەندە بەس بێ کە هێشتا خەون دەبینی.

مرۆڤەکان لەمدیوی دەرگایەکانەوە خەون دەبینن، تا بە نهێنی بمێننەوە. تۆش لەمدیو سێبەری چیایەکاندا، جەنگاوەرێکی ئامادەی. هەر ئێستا رەنگی بوون لەسەر سێبەردا دەنەخشێنم و بە قەد چیایەکەوە هەڵیدەواسم. چیم لە دەست دێت کە تۆ بە پەرۆشییەکانم بێدار نەبیتەوە؟ تۆ دەزانی کە من نائامادیی تۆم خۆشدەوێ. دەزانم تۆ چیتر بەو بنارەوە ناپەڕیت، کاتێ من بە تەنیام. تەنیام لەگەڵ مرۆڤدا. هەنووکە من بۆ کەسێک نانووسم. خۆم لە خۆمدا تاراوم. داپڕانێکم گەرەکە، تەنیا ئەو کاتە دەتوانم کە لە چیایەکاندا بم. تەنیا ئەوهاش هەستەدەکەم سەربەخۆم.

خەریکە  لە تەنیایی خۆمدا پەنگدەدەمەوە. بۆ ئەوەی بمریت دەبێ کەڕییەتی ناخت بتەقێنێتەوە. تەنیاییم چیتر ناتوانێ تەنیایی بێت. مەرگ چێژێکە لە ماخۆلیا.

من دانیشتووم و گوێم لێیە جیرانەکەشم گۆرانی بۆ سەگەکەی دەڵێ. گۆرانییەکی زۆر گەرم. لێرە کەس پرسیار لە جیهانی جیران ناکا. لەو ئازادییەدا، ترسێکی سارد هەیە. ئەو ئازادییە لە رەنگی هەوادا دەچێ.

ئەوهام من: چیایەک لە هەقیقەتێکی مۆدێرن. هەقیقەتی من ئەوهایە: کاتێ دەڵێم وشە جوولەیە، ئەوکاتە گەوهەری وشە بەرجەستەدەبێتەوە. کاتێ دەڵێم سێبەر پەنهانییە، ئەوکاتە ژیان قووڵدەبێتەوە. من بەسەر خۆمەوە بێدارم، تاکوو خۆم لە دەست نەچێ. لەناو ئەو جەنگەدا، خۆڕاگرییەک هەیە، کە دەمەوێ هەدادانێ بدەم. هەست بە بێهوودەییەک دەکەم. من بە دەست بێهوودەییەوە هەراسانم. کاتێ بێهوودەیی بێنم لێدەپرێ، رادەبمەوە و سەرلەنوێ دەست بە جەنگی چیایەکان دەکەمەوە. دەمەوێ ئەو لە دەست نەدانە لە چیا و

چاوتروکانەکانی بنووسمەوە. بۆ دڵدانەوەی خۆم و خـۆت نانووسـم؛ مـن دەنووسـم تا ئەو منە بێ پێناسـەیە ئەو جەنگە پەنهانییەدا بنووسـمەوە.

ئێسـتا هـەرچیم بـە یـاد بێتـەوە، دەینووسـمەوە. هەسـتدەکەم بـە تشـتێکی نەناسـراوەوە دەرگیـرم. لـێ تـا ئەوکاتـەی خـۆم لـە دەسـت نـەداوە، هەسـت بـە تەنیایی ناکەم. دەمێکی تـر هـەموو چاوتروکانـەکانی ئـەم ئێسـتایە دەچنمـەوە کـە خەریکە لە دەست دەچن. ئەگەر دەمزانی قـەدەری مـن ئەوهایـە، قـەت لـە دایـک نەدەبووم. لێ نەدەبوو لـە دایـک نـەبم؟ گومـان لەگـەڵ ئـاوەزدا، دووانـەی یـەکترن. گومانێـک قووتـدەدەم کـە گومـان نییـە. تـۆ کـە هێشـتا تـەنیایت، تێمدەگـەیت؟ مـن ماندووم، کەمێکی تر دەبێ دەست لەم جەنگە هەڵبگرم.

ئەم شـەڕگەیە جێدەهێڵم.

ئـەوەتا هاتمـەوە. ئێسـتا گەرەکـە سـەرلەنوێ هـەموو چاوتروکانـە گـەمارۆدراوەکان بچنمەوە. ئەوها خۆم دەئافرێنمەوە. تۆش گوڵی سەر کەزییـەکانت پریـی و لەگـەڵ نامەیەکـدا بـۆت نـاردم. لـێ گـوڵی کەزییـەکانت لـەناو سـێبەری سـەر سـنووردا دەدرەوشێتەوە. لە دوا چاوتروکاندا کە "ئـەنفال" چیایـەکانی دیلکـرد، وادەی ئـەڤین کۆتـایی هـات؛ وەڕەسـیکردنت دەسـتپێکرد. هێشـتا لـەو دەقـەرەدا هەسـت بـە ژانێکی خۆشـدەکەم. ئەو کەڤرەی کە لەوێ گوڵی کەزییەکانتم پێسپارد، ماڵێکە لـە من. ئەو چیایە دەبینی کە بەناو شـەوەوە سـەوڵ بـەرەو عـەدەمی مـن لێـدەدا؟ تـا ئەو جەنگی چیایەی من بـەردەوام بـێ، لـەو کـەڤرە رادەمێنم. ئـەرێ مـن هێشـتا دەژیـم؟ خەریکـە بـەرەو خـۆم دەڕۆم. ئەگـەر نـەبوون دەرنەکـەوێ، تـا کۆتـایی ئـەو لووتکەیە ناوەستم. هەر ئێستا رازێکت بۆ بەزار دێنم: ژیان تەنیا سـەربردەی مەرگـە و مەرگیش لۆرینی ژیانە. مەرگ ئەگەرێکی مسۆگەرە لەمدیوی بینینە. هـەردەڵێی ژیان بۆ خۆی دەپەیڤێ و دەڵێ: هیچ تشتێک بـە دوای منـەوە نـایێ! مـن بەرانبـەر ئـەو پەنهانییـەی مـەرگ وسـکت دەبـم. ئـاخر ئـەو کـەڤرەی سـەر سـنوور، رازی کەزییەکانی تۆ هێشتا رامانم پەلکیشـدەکا. من حەزم لـەو کەڤرەیـە، چونکـە بـۆنی هەناسـە و تـەڕی کەزییـەکانی تـۆی لێـدێت. تـۆ بڵێـی ئـەو کـەڤرەش حـەز لـە مـن بکات؟ ئەگەر نەزانم باسـی تۆ دەکەم، نەزانی من نییە. مـن لـەو جـەنگی کـەڤرەدا هیچی ترم نییە. نووسین، جەنگی منە. دەنووسم تا ئەو جەنگی منـە لـە دەسـت نەدەم. هـاودەمیش پـەیڤێکم بـۆ پـەیڤین نییـە. کەسـێک لـەناو جەرگـەی جەنگـدا، دەکارێ چی بە خۆی بڵێ؟ بەهەمـە حـاڵ، دەبـێ ئـەو خـۆ لـە دەسـت نەدانـە لـە بوونانـدن دابـێ. لـەناو ئـەم تاریکییـەدا دەبـێ هەنییـەی هەقیقـەت دەربکـەوێ و نائاگایی جیهان بێدار بکاتەوە.

ئەمشەو مانگ کۆڵان بە کۆڵانی ستۆکهۆڵم رۆشندەکاتەوە. من لەناو تاریکی چیایەکاندا بە پەیڤەکانمەوە دەجەنگم و لە دەرێش هەروا بارانە. چاوانم تارییە و ئەوبەری دۆڵەکان نابینن. چاوم دادەخەم و وردە ئەستێرەکانی شەو دەبینم. پەنهانییەکیش نە دەبینم و نە بە یادیشم دێتەوە. لەوەناچێ رووناکییەک لەمدیو بیرکردنەوەکانمدا هەبێ؟ سەیری کەڤرەکە دەکەم و لەوەدەچێ ئەویش بمبینێ. تا ئەو جەنگی چیایەم هەبێ، داهاتووش لە من ئاوا نابێ. گوڵە مێخەکەکانی ناو گوڵدانەکەی ئەمدیوی پەنجەرەکە سەیرم دەکا. ئەو گوڵە مێخەکە بەیادی دایکمەوە خونچەی نارنجیی و ئاگریی دەگرێ. ژنە دراوسێیەکەشم کە هەمیشە بۆنی گوڵاوێکی هەوەسبزوێنی لێدێ، لە باڵکۆنەکەوە گوتی: گوڵەکانت بۆنیان زۆر خۆشە و جوانیشن. وەلێ بەخشینی گوڵ بە خۆشەویستی، زۆر سەختە!

لەمدیوی وشەکانی مندا، هەقیقەت دەگەشێتەوە. بێدەنگییەک سەرتاپام نیشاندەدا. سەرەتا کێ بوو ئەو کەڤرەی ئەوێی سەر سنووری سازاند؟ تشتگەلێکم لەسەر ئەو کەڤرەدا لە خەیاڵ دایە، لێ نووسین لەسەر ئەو کەڤرە سەفەرێکی سەرکێشی گەرەکە. رووخسارە پیرۆزەکان، چۆن کاڵبوونەوە؟ دەزانم دەبێ کۆتایی بەم جەنگی نووسینە بێنم. نەجەنگین، نەمانی پەیڤ نییە. نووسین لەسەر ئەو کەڤرە و ئەو رووخسارە دۆشداماوانە، بە گوتن بە گۆناهێنرێن. جەنگ لەناو جەنگدایە و منیش لەناو چیایەکاندام.

من سەبارەت بە ئەزموون دەپەیڤم نەک بە دەنگهێنانی ئازار. ئەموون بە هانا هاتنی رابردووە لە ئێستادا. رەنگە ئەزموون دەنگی ئێستایەکی لاڵ بگەیەنێت. ئەزموون وەک ئازایەتییەک لە رابردوو، ئازاری ئێستای من خامۆشدەکا. لەوێ و لێرەش کەسگەلێک هەن لەوە تێدەگەن کە جەنگاوەرێکی زامدار وەک هەڵۆیەکی توورە بە لە دەستدانی چاوتروکانەکانی چێژ، دەتلێتەوە. من برینەکانم تیمار دەکەم و زمانیش بە هانامەوە نایێ، پەنا بۆ بێدەنگی دەبەم.

من لە کوێم، لەم چاوتروکانەدا ؟ پۆلێ پەیڤم و بەناو ئەم شەوە درەنگەوە دەلەرێمەوە. برینی روح دادەمرکێنمەوە و لە تەمتومانی سەر هەنییەی چیایەکان دەڕوانم. من چیتر جەنگاوەر نیم. هەنووکە تارماییەکم لە تاراوگەدا. تارماییەکی خلتێنراوە لە زام و دوکەڵی ئەزموون و جەنگەکان. تارماییەکم و تارمایی ترم لێ دەبێتەوە. تۆری ئینتەرنێت دەمکا بە بوونەوەرێک لە خۆی. تۆری ئینتەرنێت هەمووومان دەسازێنێتەوە. تەکنیک دەیەوێ ژیانم دابەشبکا. لێ من نامەوێ خۆم لە دەستبدەم: ئەگەر تەکنیک بە زۆری دەمکات بە کەرەسەیەک لە خۆی، من دەبم بە کەرەسەیەکی هاوارگر. ئێستا ئازارێک لەناو گیانمدا دەزریکێنێت. ئاخۆ تەکنیک دەگرییێ؟ من کەرەسەیەکی مەحاڵم. ئەوەتا کەرەسەیەک بە دەستی

تەکنیکەوە دەزرینگێتەوە. ئەوهایە قەدەری ئەم چیایە. بە رووی ئەو کەرەسەیەی کە لە پشت بیرکردنەوەی تەکنیکدایە، هەڵدەشاخێم.

من تارمایی چیایەکی بزواوم.

هەنووکە نۆرەی وێستێکی تر و دۆشداماێکی دیکەیە.

لە سەعات چواری شەوێکی بەفرانباردا، دۆخێک لە جەنگێکی کۆتا بەسەر دەبەم.

هەستێکی کتوپری بە چێژ هەڵمدەگرێ. دوکەڵی جگەرەش پەیڤەکانی سەر کاغەزەکە گەمارۆ دەدا. هەوای ئەم ژوورە دەورووژێ. ئەمەش هەناسەی چیایەکانە لە ژێر تۆپبارانەکاندا. چۆن ئەو دیمەنانە بنووسمەوە کە بەردەکان خۆیان دەکێشن بە درەختەکانەوە؟ دوای تەقینەوەی بۆمبەکانەوە، بەردەکان پڕ بە دەمیانەوە، پەرتی من لەو رۆژگارە مێشگرەدا کۆدەکەنەوە. ئەوەتا کەوەکانیش بۆ شەوێکی کەڕبوو دەخوێنن. چۆن ئەو گڕکانە بەم جیهانە کوێرە نیشانبدەم؟ ئەوەی کە من بە روح دەیبینم، لە گوتن نایێ. من هەستداری تۆم گەرەکە.

تۆ کە دۆخێکی لە جەنگت بەسەر برد، هەست بەوە دەکەی کە بۆت دەنووسم؟ من لە خەیاڵاندنێک ناپەیڤم کە هونەر دەیکێشێتەوە.

ئەو دۆخە لە جەنگەی کە من دەینووسمەوە، کەسێکی تر ئەزموونی ناکات. پەیڤین لەم دۆخەدا، تەنێ ئامادەبوونە لە هەبووندا. من لەم دۆخەدا دەدرەوشمەوە. لەم دۆخە درەوشاوەدا، دووبارە کردنەوەی بوونی خۆم گەرەک نییە. ئەوەی کە لەم دۆخەدا هەیە، تەنیا هەبوونی منە. تۆش لەوێ لە دۆخی چاوترووکاندایت.

لەم دۆخی جەنگەدا، چیایەکان خۆیان وەک هەقیقەت دەنوێنن. لەم چاوترووکانەدا چاوگەی بوون لە گوتن بەدەرە. بە دەم ئەم دۆخەوە بێدەنگ دەڕوانم و چیایەکانیش وەک جمەی سەراب، بۆشایی نێوان ئاسمان و زەوییەوە دەتننەوە.

ئێستا بە هێوریی لە دۆناودۆنی ئەم دۆخەدا دەپچڕێم. هەر دەڵێی لە دوا جەنگدا هەناسەیەک دەکێشم. هەستدەکەم غەریبی جەنگێکی تر دەکەم. وەک ئەوەی تامی جەستەتم کردبێ، مەیلی جەستەیەکی تر دەکەم.

ئەوا جەستەیەک بەو چاوترووکانە سەرابییانە دەبەخشم. چاوتروکان ناپەیڤێ. ناوێک بەو چاوتروکانانە دەبەخشم، تا بە ئازادییەکی رووت ببنەوە. رامانیش وەک هەستکردن، بێ جەستەیە. لێ شێوەی تۆ، چاوتروکانە. بیرکردنەوەم لە خۆی دەهزرێ. ئاخۆ ئەو بیرکردنەوەیە بە کۆتا دێت؟ مەیلی بیرکردنەوە لە ئامانجی

بیرکردنەوەی خۆی دایە. وەک سەرەتای بیرکردنەوەیەک، لە جەنگی ئەو چیایانەدا دەڕوانم. بیرکردنەوەیەکی ئازادا، بانگی ئازادی چیایەکان دەکا. بیرکردنەوەیەکی ئازاد، لە هزرکارەکەی خۆشی، زرینگترە. هزرێکی خۆکرد. هزرکارێکی گەرەک نییە.

سەرکەوتن لە جەنگی ئەو چیایانەدا، لەو چاوتروکانەدا دەستپێدەکا کە بیرکردنەوە شێوەی سەرکێشی دەپۆشێ. سەرکەوتن بەسەر ئەو جەنگی یادەوەرییەوە لەو چاوتروکانەدا بەرجەستەدەبێتەوە کە بیرکردنەوە دەبێ بە هزرکاری خۆی. تۆش ئەو کاتە کە بیرناکەیتەوە لەناو عەدەمێکی بەریندا وەستاوی.

هەستکردن بەو سەرکەوتنە، نە دەستەڵات و نە مایەی مایەکییە. سەرکەوتن" چێژە. مرۆڤ بیرکردنەوەیە. مرۆڤی خۆی دۆخێکە لە گفتوگۆ. لێ گفتوگۆی مرۆڤ تەنیا لەگەڵ خۆیدایە.

خەو دۆخێکە لە بۆشایی، لێ خەویش بیرکردەکاتەوە. هەنووکەش غەریبی نووستنێکی قووڵ دەکەم؛ نووستن تەنینەوەی بۆشاییە.

هەنووکە شەپۆلە بازنەییەکانی ئەو موزیکە، دۆخی نیوەشەو هێور دەکاتەوە. سروشت؛ بە بڵندی لووتکە، دۆڵە تووناوتوونەکان و بێدەنگی بنارەکانی ژێر مانگەشەوەوە، سەیرم دەکا. ئەو نامانەی کە بەم دیوارەوە شۆڕبوونەتەوە، دەدرەوشێنەوە. جەستەیەک لە ژن بە نەرمییەوە لێم نزیک دەبێتەوە.  بە دەنگێک بانگم دەکا کە نایناسمەوە. بە دەنگێکی هۆگر لە رابردوو پێمدەڵێ: هەنارت بۆ بێنم؟ زایەڵەیەک لەمدیوی هێورییمەوە گەمارۆم دەدا. دەبم بە بیرهاتنەوە و ئەویش بە سەیرکردنەوە چاوەڕێی وەڵامم لێدەکا. نامەیەکی قەدکراوم لە پێش دادەنێ. دەبم بە شوێنپێیەک لە چاوتروکان.

من لەناو خۆمەوە رادەکەم و ئەو جەستە لە ژنەش بە چاوی چاوەڕوانییەوە، خەو دەیباتەوە. چاوتروکان ژوورەکەم دادەپۆشێت. تۆ چاوەکانت دادەخەی و منیش هێشتا نەنووستوم. چاولێکنانت، کۆتایی هێنانە بە بینینی من. من بێ چاوتروکانی تۆ، هەمیشە خەوتووم. لە چاوە بێدەنگەکانی تۆدا، چیایەک خەوتووە. لە نێوان مەودای دۆڵەکاندا دەنگێک دەبیسم کە لە هەنگاوە نەرمەکانی تۆ دەچێ. دەنگت لەناو ئەو خەرەندەدا، جەنگەکانی چیا دەجۆشێنێ. دەنگی تۆ لە ئاماژەکانی ناو جەستەی مندا، بەناو شەپۆڵەکانی ئەو موزیکەوە وەردەبێ و گۆرانییەکەش دووبارە دەکاتەوە. ئەوەتا کەڤرەکانی چیایش فرمێسکیان لێ هەڵدەقووڵێ. دەنگی تۆ بەناو شەپۆڵەکانی ئەو موزیکەوە، جەستەی یادەوەرییم دەلەرێنێتەوە.

من ئەوهام: لەناو شادییەکی بێدەنگ و شەپۆلی دەنگی تۆدا دەدرەوشێمەوە و تۆش هەروا چاوەکانت داخستووە و نەشنووستووی. بوونەوەرێک لە ژنێتی لە بناری چیایەکدا راکشاوە، بیر لە دوا ماچی بەر بارانێکی بە خوڕ دەکاتەوە.

ئێستا دەنگی شەو دەبیسم کە لەمدیو پەنجەرەکەمدا تێدەپەڕێ. ئەوها ئەو دۆخە لە جەنگە بە کۆتا دێت کە تەنیایی سازاندی.

هەست بە داهێزران دەکەم. هەستدەکەم هەبوونم لەو ژیانەدا جێگەی نایێتەوە. حەزدەکەم خەوێک بێ و ئەو لەرینەوەیەی ناوەوەم هێور بکاتەوە. خەوێک کە ئەم هەبوونە فەرامۆشبکا. هۆکردی داهێزرانی من، ئەو یەکشەممەیە کە بەڕێوەیە. بە دەم هەناسەدانێکەوە بۆنی ئەو بوونەوەرە لە ژنێتییە هەڵدەمژم کە لە تەنیشتمدا نووستووە.

گەرەکە ئەو تشتانە بنووسمەوە کە خەریکە تەنگم پێهەڵدەچنن و مەیلی رووت بوونەش دەکەن. هەقیقەت لەمدیوی بیرکردنەوەکاندا دەڕوانێ. هەستکردنیش ناچارە بهەزرێ کە زمان دەیبێژێ. دەستپێکی هزرێک بە دەم گۆکردنی زمانەوە دەهزرێ.

من کەسێکم کە سەر بە تاریکییم. من ئەو کەسەم کە تاریکی دەبینم. لەناو جەنگی ئەو بوونەوەرە لە مێشگەلەدا، هەست بە تەنیایی دەکەم. دۆخێک لە بەرهەڵستکاریی دەگرمەبەر: نامەوێ چیتر سەر بەو بوونەوەرە لە مرۆڤە مێشییە بم. ئەو هاوخەمانەی من کێن کە لە ژیان و مەرگ تێدەگەن و منیش بە جەنگەکانمەوە دەیانووسمەوە؟ ئاخۆ چیایەکان بەدەم ئەو ئاپۆرە لە بێئاگاییەوە دەنگ بدەم؟ خۆم بدەمە دەست ئەو رۆژگارە مێشگرە کە بوو بە دۆخێک لە بەختەوەریی؟

گەرەکە دەنگێک بە رووی ئەو دۆخەوە رابێت. دەزانم رۆژێک دێت ئەو دەنگە بە دەنگ بێت. بە دیار هەقیقەتێکەوە دۆشداماوم کە هێشتا ناتوانم ناوزەدی بکەم. دەخوازم ئەو هەقیقەتە ئاشکرا بکەم. ئەو بێهزیی و سەرگێژییەش بە دەنگ بهێنم کە خەریکە دەمرن.

ئای چ تێداماندنێکە کە بزانی ژیان تەنی ئەوەیە کە هەیە و ئێمەش لە تاریکیی زێتر هیچی ترمان نەبێ پرواى پێبهێنین!

مەیلی ئازادییەکی رامنەکراو دەکەم.

بــە رووی ئــەو داهێزرانــەوە هەڵــدەکاڵێم. ئــەو شــادییەی کــە لــەم چاوتروکانــەدا هەستی پێدەکەم، کە تـەنیا چاوتروکانێکـە، بـە زمـان دێـنم. لـەم چاوتروکانـەدا کـە هەســت بــە چاوتروکــانی ژنێتیــت دەکــەم، خۆشــم دەوێــی. خۆشەویســتییەکی خۆکرد، شادییەکی بێ بەرانبەرە. چۆن بە شادییەوە بمرین؟

خەریکە بە دەم ژیانەوە لە مردن تێبگـەم. بـەر لـەوەی درەنـگ دابێـت، دەمـەوێ لـە مردن تێبگەم.

ئای لەم دیمەنە خێرایە، لەو چاوتروکانانەی کە هەمیشە گەمارۆم دەدەن.

بە گۆرانییەک ئەو چاوتروکانانە بە کۆتـا دەهێـنم. حـەز دەکـەیت ئـەو دیمەنگەلـە لـە چاوتروکانە ببینیت؟

وەلێ ئەمشەو نیشاندانی ئەو دیمەنە ئەسـتەمەیە. دوا کاتـەکانی ئەمشــەوە، بـۆ خـەوینین بەجێـدەهێڵم. خـەونێکی پچڕاوی دوێنـێ شــەو دەبینمـەوە. خـەون بـە خەوبینینەوە دەبینم.

من کەسێکی بیسراوم، وەلێ دەزانم تشتێک لە هەبووندایە.

هەستدەکەم لەم رۆگارەدا خۆشـم نەوێیت. لەوەدەچێ ئەو جەنگی چیایانـە بێکۆتـا بن: لەشـم لـە شـەکەتیدا هـاوار دەکـا و روحیشـم هـەدادانی نییـە. ئەگـەر ژیـانم بەردەوامبێ، هەرچەندە خەویشم بێت، خەوشم لێناکەوێ.

ژیان سـەر ئێشـەیەکی سـەرتاسـەرییە. گوتم ژیـان فەزایـەکی تەنگەبـەرە؟ بەهەمـە حـاڵ، بـەر لـە ئێسـتا چـووم بخـەوم و خـەونم بینـی کـە نامایـەکی کۆتـاییم بـۆ تـۆ دەنووسـی. وەلێ هەنووکە بە بیرم نایەتەوە کە چیم بۆ تۆ نووسـی. هـەر چییـەکم لەو خەونەدا نووسیبوو، لەناو خەودا بزر بوو.

دەزانم هەموو ئەوانەی نووسیومن بزر دەبن، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەنووکە بۆ تـۆی دەنووسـم. وەک چیایەکان هەمیشـە بە زیندوویەتی دەژیت، لێ ئەوەی کـە هێشـتا نەمنووسیوە، زیندووترە. زیندوویەتی چیایەکان لە نێوان دێرەکاندا، دەدرەوشێتەوە.

ئەمشـەو هەینییە و سـتۆکهۆلم لە ژێر بارانی پـاییزدا شـەپۆڵدەدا. بـە هەناسـەیەک لە چیایەکانەوە، وەک مەشـقکردنی جەنگ، بـۆ تـۆ دەنووسـم. وەک ئـەزموونکردنی تـەنیاییش، خـۆم تاقیـدەکەمـەوە. کـام جـەنگی چیایـەکانمت بـۆ بنووسـمەوە؟ هێورییەکم لـە شـەپۆلەکانی یادەوەریی گەرەکـە، تـا یـادت بکەمـەوە. بـە دەم ئـەو جەنگەوە دەمەوێ بە دیار چاوتروکانەکانتەوە بوەستم. ئەو جەنگە بە کۆتا دەهێـنم، چونکە یەک شـەممە بەڕێوەیە.

لـێ هێشـتا پێـنج شـەممەیە. دواى دەمێکـى تـریش هیشـتا هـەمان ئێسـتایە. هەنووکە من لە هەرێمی هەنووکەدا دەژیم. تا ئەو جەنگی چیایە هەبێ لە دایـک دەبمەوە.

دواى نیوەڕۆ کە من لەبەردەم نازانمدا، لە کـوێ بێـدار دەبمـەوە و دواى ئـەوەى کـە من هێشتا بە دوودڵییەوە واز لەم جەنگە دەهێنم. دواجار خۆم بە بیـر دێتـەوە. هـەر تەنێ خۆم بەرەو دیمانەى خۆمەوە دەچم. هێور دەنوێنم، وەلـێ وەک گەواڵـە بـەناو خۆمەوە دەگرمێنم. زۆر بە ئاشکرا دەڵێم: من هەر تەنێ خۆمی خۆمم. تۆش تـەنێ هەر تەنێ چاوتروکانیت. هێڵێکی کشـاو لـە دووکـەڵی جـەنگ، دەبێـت بـە بـوونی چیایەکان.

ئەوەى کە من بۆ تۆى دەنووسم، ئەو جەنگی چیایانەیە کە هەروا لە دەڤەرى منـدا ئامادەیە. ئەو جەنگەش بە کۆتا نایێ: لە زماندا پەلدەهاوێژێ.

تۆش کە هێشتا بە دیـار سـندووقە هەنارێکـەوە هـەراش نابیـت، لـە مـن رابمێنـە و خۆت خۆشبوێ.

نووسین بۆ تـۆ، جـەنگی ئـەو چیایەیـە کـە بـە کۆتـا نـایێ. ئـەوەتا منـیش بـووم بـە فەرامۆشییەک لە غەریبی چیا...

2010-2011/ستۆکهۆلم

**سوپاس بۆ:**

هـۆمیرۆس، پلاتـۆن، ئەریسـتۆ، سـپینۆزا، ئـارتۆر رامبـۆ، لۆتریـامۆن، هۆڵـدەرلـین، ڤێرنـەر ڤـۆن هێدنسـتان، کلـرایس لیسـپێکتۆر، ئـۆلیس، لارش میکایـل راتامـا، یـوان یۆنسـۆن، هـێمن موکریـانی، مەسـعوود محمـەد، ئـاینور دۆگـان، شـایەن مەزهـەرى خـالقی، مارگـەرێت دۆراس، ویتۆلـد گۆبرۆویکز، ئەلبێرت کامیو،گونار بیۆرلینگ، سەلیم بەرەکات، نەسرین شاکەلی، سێرگی یەسنین، میلان کۆندێرا، کافکا، یەسنین، داستایۆفسکی، ئۆکتاڤیۆ پاز، ئیلۆنۆرا برو، دایکم زارێ، سـەراب، راینەر ماریە ریلکە، نیتشـە، هایدیگـەر، پۆل سـیلان، ژیـل دۆلوز، ژاک دێریدا، مـاوریس بلانشـۆ، بلۆخ، ئەدمۆن یـابێس، هێلێنـە سیکسـۆس، یوسـف برۆدسکی، ژان بۆدلیار، لیوتـار، حـاجی قـادرى کـۆیی مـەحوى، ڤیتگینشـتاین، سـەید عـەلی ئەسـغەرى، هـەنا هـالگرێن، و ئـەوانی دیکـەش کـە بەهرەبەخشن بۆ من.

## دەنکە هەنارەکان بەناو خەونتەوە دادەکەن

لەماڵی سروشتدا، لە خەیاڵی چیایەکانەوە، بەرد دەخوێنیتەوە:

کانی بێدەنگیت لێ هەڵدەقووڵێت.

لە ژێر مانگەشەوی هاوینی پێدەشتەکاندا، مەوداکانی خود تەیدەکەیت:

رووباری یادەوەریی بەناوتدا سەرهەڵدەگرێ.

لەو ئاوەڵابوونەدا رووتدەبمەوە:

شەبەنگی بوونت دەردەکەوێت.

بە دەمڕێوە، بەرەو خۆبوونێکی تەنیاتر،

لە نێوان پچڕانەکانتدا، یاخیبوون دەتدوێنێ:

بە کوێ دەگەیت؟

خۆبوونێک لە هەڵگەڕانەوەنتدا:

سەفەرێک لەناوتەوە دەتلەرێنتەوە.

سێبەرێک لە سەراب، رامانت تەڕدەکا:

هەناسەت دەکا بە حەرف.

وەک (رێژنە بارانی دەنکە هەنارەکانی شایەن)،

بەسەر بەردە نەخوێندراوەکانی ئەو سەفەرە دابکا،

کراسی ئەو بوونە شەبەنگییە،

وەک دڵی هەناریی بنوێنە:

ئەی چیای شاگەشکەیی من

## کاروانێک لە ویست

کاروانێکی گومڕابوو،

بە  نیگای حوزن و ناڵەی بارانییەوە،

گەیشتە ئێرە.

ڕێبوارەکان  یەک بە دوای یەک وەستاون،

کەسیان نازانن بەرەو کوێ ڕێدەکەن.

کەسێک نییە بەلەدیان بکا؟

لەوێ  ئاپۆرەیەک لە جەستەی چاوەڕوان دەجمێن.

هەموویان دۆشداماو لە یەکتر دەڕوانن و

لەوبەری ڕێگاوە

دەنگێک لە نادیاریی

بە دەست ئاماژە بەرەو ئاقارێک دەکا:

ویستی دەستبەسەرداگرتن...

چەند پیاوێک بە گاڤی ڕاڕاوە ڕێدەکەن

دەنگێک لە ویستی یادەوەریی لە  یێدەنگیمانەوە دەلەرێتەوە.

ئەڤینداریێک لە ڕەنگی "مەم و زین" سەرلەنوێ

لە ئێستاماندا ئامادە دەبێ و

دەستنووسێک لە داستانی ئەی سەرفرازییمان

بۆ دەخوێنێتەوە.

بەرەو خود ڕێبکا:

ئەی کاروانی نەتەوەیەکی ئاراستە گومڕاو!

ستۆکهۆلم/ مای 2009

## باوەشی تەنیایی

**س**

تۆ لە ئامێزی شەبەنگی تەنیاییەکی

شکۆمەنددا،

کە بە دەم توانەوەی ژانی بیرهاتنەوەکانەوە

لەناو چاوە بێخەوەکانمدا دەتوێیتەوە،

وەک سەرابێکی راماو

شەپۆلی چرپەکانت،

لە باوەش دەگرم.

**چ**

لەناو چاوی تراویلکەیی چیایەکان، لە ماڵی کانییەکانەوە،

مانگ بە دەستێک تیشکەکانی بۆ فڕێدەدای.

پیاسە ڕاڕاییەکانی پاسەوانیش لەسەر ڕێچکەی چاوەڕوانیدا ، تەنیا شەکەتکردنی یادەوەریی دۆڵەکان بوو. منیش لەناو بیرکردنەوە پچڕ پچڕەکانەوە تەنیاتر دەبووم. بە مەحاڵ گەمارۆدەدرام. مەستبوون بە جیاوازی خۆفرۆشیی و یاخیبوون: فریوی دام.

جوانییە ئاڵۆزەکانی چیا و لووتکەکان؛ دۆڵ و پێدەشتەکان چۆن دڵیان دەدامەوە.

ئەوەتا لێرەم و رووخسارم بەناو بێشوێنی تاراوگە ڕۆدەچێ و لە هیکڕا کشان و رژانی بێدەنگیی سێبەری سنەوبەرەکەی سەر کانی " کوێستانی وەرتێ" و خەوی ناو ئەشکەوتە مەرمەڕییەکەی سەر سنگی "چیای شیرین"، شوێنزایەکم تێدا دەزێنتەوە.

من بە دوای ویستی سێبووربەخشی ئێوە دەگەڕێم؛

شوونپێکانتان لە بیناییمدا دەڕسکێن:

ئای شەوقدانەوە و هەناسەی کەڤرەکانی ژێر هەورە تریشقە و تەرزە بە خوڕ داکردووەکان!

ستۆکهۆلم/2009.5.16

## گازێک لە هەرێمی روحەوە

ئەی شەپۆڵگرتوو لەناو دەنگدانەوەی بێدەنگییدا،

کۆچە نەبیراوەکان، گەڕیدە تێپەڕیوەکانت:

سەفەرە ناوەکییە هەمیشەییەکانت

بە رووی بکوژەکانی دوێنێ و

تاڵانچییەکانی ئەمڕۆدا  رابگەیەنە،

کە دڵت بە کەڕووی ژان دادەپۆشن.

ئەی من، دوا دۆستی روح و

دوا نەیاری دۆڕانەکان،

نوتقی ئەو چۆڵەکانە کۆبکەوە

کە حوزنی بێماڵیی بۆ نیوەشەوێک دەچڕن.

ئەی پەرتەوازە بوو لە نێوان تاراوگە و بێدەنگی چیایەکان،

کە  :

کە خۆکوژییەکی لێوانڕێژ لە رامان

لە ناوتدایە.

بارانێکی شکۆدار،

گفتوگۆیەکی باڵدار

گازە تەریفەییەکانی روحت دەنووسێتەوە.

با-یەکی ئاڵاو بە ڕاڕەوی ئەزموونێکەوە،

بە چرپەیەکی سەرەڕۆ ئاراستەم دەکا و

کەڤرێک بێشوێنیم داگیردەکا:

ها ئەوە ماسکە کاڵەکانم

بە گۆرانییەکی "ئەسغەری"ەوە

بەرانبەر ژیانێکی لەشفرۆش ،

رۆژگارێک لە میشگەلی باڵادەست

تووڕهەڵدەدەم.

ئەی ئەو روحەی لە کە خۆم سەرابیتریی،

ئەو باڵندە چیاناسانە
لەناو یادەوەرییمدا هەڵفڕێنە.

کە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی شوێنەکان-،
نیشتمانێکی مێشسالار:
بانگت دەکەم و
سێبەرێک لە زمانمەوە تلدەبێتەوە.
کۆیادێک لە بێ-شوێنی لە دەنگم،
لە دڵی راساوم کەڵکە دەبێ:
ئاوری دواجارت لێدەدەمەوە و
هەرێمێک لە شوێنپێ لە چاومەوە شۆردەبێتەوە.
چیایەکی رسکاو لەمدیو تاراوگە،
پەنجەرەی بوونیکی مەست بوو بە ژنی پاییزیی
نیگای کۆچگەلێ، گازی شوێنگەلێ
ناو دڵم دەتەنێتەوە،
شەپۆلە پەرتەکانی روحم دەنووسننەوە.
مێشەگەلێ لە بەها،
ئاکارزایەک لە زبڵ
بە دوامانەوەیە، ئەی روح!
ئەی چیایەک لە گازی پەرێشانی:
بەرەنگاریی لە پێشتدایە،
هەڵاتن بە مێش- بوونە.

ستۆکهۆلم/ 200911.5

## بیرکردنەوەی چاوەکان

لەناو هاڵاوی  خەون و ژانە قووڵەکاندا

چاوەکانت دەکەیتەوە؛

بە چاوەکانت بیر دەکەیتەوە

دەخوازی خەون و ژانە قووڵەکانت لێکگرێبدەیتەوە،

لە هیکرا اا زایەڵەیەکی کێویی

لە چاوەکانتەوە:

دەچۆرێتەوەەە...

+++

دوو چاوی لێڵ و هەڵپەرماو

جەستەیەک لە ناو رووناکییدا

دوو دەستی وێڵ لەناو راڕەوی خەونەکاندا

تۆ دیمەنێکی:

لە رەنگاڵەیەکی تەڕ...

+++

ئاوازی وشەیەک؛

رەنگی وشەیەکت لەسەر زارە،

وشەیەکت بە بیر نایێتەوەەە...

بیرچووووونەوەیەک؛ زمانێکی ی ی  بێدەنگ گ گ:

رووخسارت کۆۆۆ دەکاااتەوەەە...

+++

چەشنی رێککەوتێک

مەیلاندنی جوانییەک

دیمەنێکی زارۆکایەتیت بە یاد دێنێتەوەەە

زمان رووبارێکە:

لە زەمەندەکانی یادەوەرییەوە دەزنێ ێ ێ...

+++

رااامااانت بەرەووو چیااکاانە ە ە

بایەکی کەمێک تەڕ هەشتاوتر لە من،

بەرەو رووم هەڵدەکااا

جەستەی تۆتکەنەگرتووشم،

لە بازنەکانی تەنیاییدا:

شوونپێیەکانی پیریەتی  لە خۆی دەتەکێنیێ ێ ێ...

+++

چەپۆکی پەیڤەکانت

نیگای جوانییەکی مەحاڵ،

لەوێ؛

لە ئاقارێکی بێوشەداااا:

بە شاگەشکە بوونت دەدرەوشششێتەوەەە...

+++

بانگێک دەبیستم،

بێدەنگ  لەو چۆلەکە  دەهزرم

-هەر ئێستا لەتە نانێکی ئەمدیوی پەنجەرەکەی فڕاند-

وشەیەک بە دیار دەکەوێ:

مانگێک لەمەوبەر بە یادم نەدەهاتەوەەە...

+++

لە قەڵەمڕااا

شوونپێی چاوەکان؛

بیرنەکردنەوەی نەبوون؛

مەیلی یادگارییەکان:

دەلەرێنەوەەە

+++

هزرین لە دڵبزوێنی پەیڤدایە،

زمان لە چڕکردنەوەی پەرتیدایە؛

گوتنە ئاسانەکان:

ڕێکردنە بە ڕێگایەکی زانراوداااا...

+++

وەرزەکان  هەموو بارانن؛

وشەکان

لە دەنگتدا،

لەمەدیو روحتدا؛

بەسەر توولەڕێیە زیخنەکانی یادەوەرییتدا،

دادەبارێ ێن...

+++

تۆ نە ئاسمانی چیایەکان و

نە تاراوگە و

نە ئایندە تووناوتوونەکانی...

بیرهاتنەوەکانت:

ماڵەکەت ئاوەدان دەکەنەوەەەە...

+++

لە ماڵی چیایەکاندا،

کانییەکان هەردەم لە ژوان و

بەردەکانیش بێدەنگن ...

2009.2، ستۆکهۆلم

## بۆنی دارگوێزێک لە هەناسەمدایە

لە بووڵێڵێکی ڕاڕادا،

خەون دەبینێ.

شوونپێی کێوەکانە:

یادەوەریی تراویلکەیی تۆ.

***

ئێوارەیەکی نیلۆفەڕیی و

دەریاچەیەکی وەنەوزگرتوو،

وەک ئەو کۆترەی

کە کێوێک بێدەنگ ئاشقتبوو،

وەرە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆشنشینە

لەسەر لاجەنگەکانمدا بسڕەوە:

ئەی دڵە مۆرەکەی یادەوەریی!

***

ئاسۆ وەک چاوەکانی تۆ

سۆزێکی نارنجی پۆشیوە،

تۆ بە کەزیە تەڕ و  گوڵدارەکانتەوە،

لە هیکڕا بەناو بیرهاتنەوەمدا

تێدەپەڕی و

دارگوێزەکەی بارەگای "دۆڵی کافیێ"ش،

بە دەم خەندەکانتەوە

هێشووە گوێزکی کەسک و گەڵا زەردەکانی

بەسەر دڵی تاراوگەدا هەڵدەوەرێ.

ها ئەوا: پاییزێکی گەرم بەناو یێماڵیم وەردەبێ.

***

من لە تەنیایی جماوت دەڕوانم

ئەستێرەکان لەناو تەونی جالجالۆکەییدا

جریوەکان دەهۆننەوە.

تۆش بەرەو ئێوارەیەک

لەناو چرپەکانی یادەوەرییدا،

پەرێشانییەکانت لەسەر رووی تەمتومان

دەنووسیتەوە.

لە خوناوی دڵ زیاتر؛

بە دەر لە ئەشکی وشە،

هیچی تری نییر ببیبەخشێ:

زمانی ئەو منە سەهەندەیە.

***

زەردەپەڕ هەمیشە لە درەختە سەوزەکەی ئەودیوی پەنجەرەوە

شوونپێیەکانی

لە ژوورە خەوزڕاوەکەمدا دەچێنێ.

منیش ڕۆژانە؛ بە دەم شکۆفەکردنی کازیوەوە،

گوێ لە وڕێنەی ئەو چۆلەکەیە دەگرم،

کە تا نیوەشەوان گۆرانی دەچڕێ و

ناشتوانێ دڵی چۆلەکەیەکی ڕەبەن نەرم بکا.

بەرەبەیانیان،

وەک ئەوەی لەسەر لووتکەکانی "باواجی"دا

لە دەشتاییە شەپۆڵگرتووەکانی"ڕۆژئاوای کۆیێ" پروانم،

ئەو گوڵنارە ئەبەدییانە دەچنمەوە

کە  لە باغەکانی یادەوەرییی؛ لە ڕاڕەوی ماڵەکەمدا دەڕسکێن.

شەو بە سێبەری ئەستێرەکانییەوە پەلدەهاوێژێ و

دەریاچە شەختەگرتووەکانی "ستۆکهۆلم"یش

بە خنکاوییەوە سۆراغی ماسییە وردەکانیان دەکەن.

ژیان وەک کەشتییەکی وێڵ، بە بەرچاوی کەنارە کەنفتەکانەوە رادەبوورێ.

دەنگێک لە گەرووی یادەوەرییەوە، وەک لمێکی خوێناوی،

بانگتدەکا؛ دەتدوێنێ.

درەختەکان دەبنە چیا و لێتدەئاڵێن.

هەروەک بە بناری "چیای پێرس"ەوە ریبکەین،

لە پشووی سەر کانییەکدا،

هێور هێور... دانە دانە،

بە دەم چاولێکنانی کازیوەوە:

هەنجیرە سۆرەکان دەچنمەوە.

***

له شەوێکی درەنگی پاییزدا-

تۆ هەمیشە لە سپێدەی پاییزان دەچیت-،

چاوەکانت لە مندا ڕۆدەچوون؛

برژانگەکانت وەک گیای سەر کانییەکە و

مەمکەکانیشت،

وەک پەلکی دارگوێزێک،

ڕوومەتەکانمی دەلاواندەوە.

ئێستا تەوژمێک لە بۆنی تۆ،

لە پەنجەرەوە بە ژوورەکەمدا وەردەبێ؛

دڵم گەمارۆ دەدا.

نێوان من و تۆ؛ تاروگە و دڵی تۆ،

پاییزێکی عەدەمییە و کەشتییەوانێکی ئاشق

بە گۆرانییەکانی ڕوایەک بە مەوداکانی دەبەخشێ.

ماڵەکەم هەنارڕێژ دەکەم و

کەزییەکانیشت بەسەر تابلۆکانەوە شۆڕدەکەمەوە.

ئەو دەمەی مانگ وەک گوڵەبەڕۆژەیەک

لە گەردەنی لووتکەی شاخەکەی سەر بەرەگاکەمان دەئاڵێ،

وەک تراویلکەیەک لە ئەڤین،

بەرەو "کانییەکی بەر مانگەشەو" شەپۆڵدەدەم:

**لە نێوان مەمکەکانتدا نقووم دەبم.**

**200**9.3، ستۆکهۆلم